# بووکۆکەی قسەکەر



ئەلکساندەر ئاڤاناسییێڤ

وەرگێڕانی
عەزیز گەردی

Scanned with CamScanner

# بووکۆکەی قسەکەر

## ئەلکساندەر ئاڤاناسییێڤ

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی



Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: بووکۆکەی قسەکەر

بابەت: ئەفسانە

نووسینی: ئەلکساندەر ئاڤاناسییێڤ

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەزیز گەردی

کۆمپوتەرکردنی: شێروان خۆشناو

چاپخانەی هیڤی ٠٧٧٠١٥٦٩١٥٦

چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٣

ژمارەی سپاردنی لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گپتییەکان

( ٢٦٣٧ )ی ساڵی ٢٠١٣ پێ دراوە

نرخی ٢٠٠٠ دینار

لە سەر ئەرکی وەرگێڕ چاپ کراوە



Scanned with CamScanner

# ناوەرۆك


(١) بووكۆكەی قسەكەر.....................................٧

(٢) شازادە خانمی بۆق.....................................٢٥

(٣) ئیڤانی دەوڵەمەندو ئیڤانی هەژار......................٣٧

(٤) گورگە بۆر...............................................٤٩

(٥) سێوی سوورو قاپی زیوین...............................٦٢

(٦) ئاندرێی نیشانەشكێن....................................٧٣




Scanned with CamScanner

## (١) بووكۆكەی قسەكەر

هەبوو نەبوو...

بێجگە لە خودا هیچ كەس نەبوو. لە وڵاتێكی دوور دوور، پیرەمێردێك‌و پیرەژنێك لەگەڵ (ئیلیزا)ی كچیان لە كووخێكی شڕو بێ نموودا دەژیان. ژیانێكی ئارام‌و ئاسوودەیان هەبوو بەڵام دوور نییە هەور بەری ئاسمانی ساماڵ بگرێ‌و كڵۆڵی‌و بەدبەختی بێ‌و بەرۆكی بنیادەم بگرێ.

بە ڕێكەوت پیرەژن تووشی نەخۆشییەكی گران هات‌و كە هەستی كرد بەم زووانە مردنی دەگاتە سەر، بانگی ئیلیزای كردو بووكۆكەیەكی بچووكی دایێ‌و گوتی:

- ڕۆڵەی ئازیزو خۆشەویستم، چت پێدەڵێم وا بكە. چاوت لەم بووكۆكە بچووكە بێ‌و هەرگیز نیشانی هیچ كەسی مەدە. ئەگەر شتێكی ناخۆشت لێ قەوما، خواردنی بدەرێ بیخواو داوای ڕاوێژو ئامۆژگاری لێ بكە. ئەم بووكۆكەیە لە هەموو گیروگرفتێك یارمەتیت دەدا.

پیرەژن بۆ دواچار ئیلیزای ماچ كردو عەمری خوای كرد.

پیرەمێرد بە مردنی ژنەكەی عاجزو غەمبار بوو، ماوەیەك تازییەی دانا، بەڵام پاش چەند حەفتەیەك دووبارە زەماوەندی كرد چونكە



Scanned with CamScanner

حەزی نەدەکرد ئیلیزا بەبێ دایك بێ. بەڵام ژنە نوێکەی زۆر چەتوون بوو.

ئەو زڕدایکە دوو کچی خۆی هەبوو. هەردووکیان دڵبەقین و بەدکارو ڕەزاگران بوون. زڕدایکەکە زۆری خۆش دەویستن، بەڵام هەمیشە بەسەر (ئیلیزا)دا دەیبۆڵاندو هەنجەتی پێدەگرت و هەرگیز لێنەدەگەڕا ئارام و هەدادانی هەبێ. ئیلیزا زۆر هەستی به بەدبەختی دەکرد چونکە زڕدایك و زڕخوشکەکانی بەردەوام سەرکۆنەیان دەکردو لە رادەبەدەر دەیانڕەتاندو ئیشیان پێدەکرد. حەزیان دەکرد ئیلیزا لەبەر کارکردن تەواو لەڕو لاواز ببێ و دەموچاوی لەبەر باو هەتاو ڕەش هەڵگەڕێ و ناشیرین ببێ. بە درێژایی ڕۆژ ئەزیەتیان دەداو بەردەوام یەکێ دەنگی دەهات و دەیگوت:

- ئیلیزا، وەرە! لە کوێی؟ وەرە ئێزینگ بێنە! تەمبەڵی مەکە. ئاگر بکەوە. هەویر بشێلە. هێربارەکان بشۆ. مانگاکە بدۆشە. عەردەکە بسڕەوە! خێرا کە! خێرا کە! ئەو تەمبەڵییە چییە دەیکەی!

داوای هەر کارێکیان لە ئیلیزا بکردایە، جێ بە جێی دەکرد. خزمەتی هەموویانی دەکردو همیشە ئیشەکانی لە کاتی خۆیدا رادەپەڕاندو ڕۆژ بە ڕۆژ قشت و جوانتر دەبوو. ئەوەندە جوان بوو بە زمان باس نەدەکرا.

بووکۆکە بچووکەکەی بوو، لە هەموو ئیش وکارەکاندا یارمەتی دەدا. ئیلیزا، سپێدە زوو، مانگای دەدۆشی. ئینجا دەچووە مدبەق شیری دەدایە بووکۆکەکەو دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- بووکۆکەی بچکۆلْ! وەرە شیرەکەت بنۆشە، بۆ ئەوەی بە شێنەیی هەموو دەردو بەدبەختی خۆمت بچرپێنمە گوێ.

بووکۆکەکە شیری دەخواردو ئیلیزای ئارام دەکردەوەو هەموو ئیشەکانی لە باتی دەکرد. ئیلیزا لەبەر سێبەر دادەنیشتو گوڵی لە قژی خۆی دەداو بێئەوەی هەست پێبکا، گوڵی سەوزەوات بژار دەکراو ئاو دەهاتو ئاگر دەکرایەوەو کەلەم ئاو دەدرا. بووکۆکەکە گیایەکی بە ئیلیزا نیشان دا بوو، لێنەدەگەڕا هەتاوگەستی ببێ. ئیلیزا ئەو گیایەی بەکاردەهێناو ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر دەبوو.

ڕۆژێ، ئاخرو ئۆخری پایز بوو، پیرەمێرد لە ماڵەوە دەرچوو. بە تەما بوو تا ماوەیەك نەیەتەوە.

زڕدایكو سێ خوشكەكە بە تەنیا مانەوە. لەناو كووخەكە دانیشتبوون، دونیا تاریك بوو. باران دەباریو بای دەهات. كووخەكە لە نزیك جەنگەڵێكی چڕ بوو. جادووكەرێكی بەدفەڕ لەو جەنگەڵەدا دەژیا، ناوی (یاگا) بوو، بە چاو تڕووكانێك بنیادەمی بە ساغی قووت دەدا.

زڕدایك هەر یەكەو كارێكی بە كچەكان سپارد بیكەن. بڕیار درا كچی یەكەم قەیتانی پێڵاو دروست بكا، دووەم گۆرەوی بچنیو ئیلیزایش خوری بڕێسێ. ئینجا هەموو چراكانی ماڵەوەی كوژاندەوە، تەنیا یەك چرای بۆ كچەكان بە داگیرساوی هێشتەوەو خۆی چوو خەوت.

لەناكاو چراكە پرتەیەكی كردو كوژایەوە. زڕخوشكەكان گوتیان:

- ئێستا چ بكەین؟ كووخ تاریكەو ناتوانین لە كارەكەمان بەردەوام بین. پێویستە یەكێكمان بچینە ماڵی (یاگا)و چرایەكی لە كن بێنین.



Scanned with CamScanner

خوشکی گەورە گوتی:

- من قەیتانی پێڵاو دروست دەکەم، پێویستم بە چرا نییە.

خوشکی دووەم گوتی:

- منیش ناچم. من گۆرەوی دەچنم و پێویستم بە چرا نییە.

ئینجا هەردووکیان هاواریان کرد:

- ئیلیزا، دەبێ تۆ بچیتە ماڵی (یاگا) چرایەك بێنی.

بەم جۆرە ئیلیزایان لە کووخەکە کردە دەرەوە. جەنگەڵ چڕ بوو. بای دەهات و دونیا تاریك بوو. ئیلیزا ترساو لە پڕمەی گریانی دا. ئینجا بووکۆکەی بچکۆڵەی لە گیرفانی دەرهێناو بە فینگە فینگ گوتی:

- بووکۆکەی بچکۆلانەم، ئەوانە ڕەوانەی ماڵی (یاگا)م دەکەن. من زەندەقم لە (یاگا) چووە، (یاگا) بنیادەم بە ساغی قووت دەدا.

بووکۆکە وەڵامی دایەوە:

- خۆت نیگەران مەکە! هیچ ئازارت پێناگەیەنێ. تا من لەگەڵتا بم، تۆ هیچ شتی خراپت بەسەر نایێ.

ئیلیزا گوتی:

- زۆر سوپاس کە دڵنیات کردمەوە. ئێستا خەیاڵم ئاسوودە بوو.

ئیلیزا لە ڕێی خۆی بەردەوام بوو. جەنگەڵ وەکوو دیوار دەوری گرتبوو. ئاسمان بێتریفەی مانگ و ئەستێرە بێ ورشەو درەوشانەوە بوون.

ئیلیزا بووکۆکەی بچکۆڵەی بە سینگییەوە قرساندبوو، بە ترس و لەرزەوە دەرۆیشت. لەناکاو سوار ئەسپێکی بینی بە غار بە بەردەمیدا



Scanned with CamScanner

تێپەڕی. سوارەکە دەستە بەرگێکی سپی لەبەر بوو. ئەسپەکەی سپی بوو. هەوساری ئەسپەکەیشی زیوی بوو و لە تاریکیدا دەبریقایەوە.

خەریك بوو سپێدە دادەهات، ئیلیزا بە زەحمەت دەڕۆیشت. پێی بە ڕەگ‌و ڕیشەو بە کۆڵك‌و کۆتەرەی درەختان دەکەوت. دڵۆپە شەونمی لەسەر کەزیی درێژ دەبریسکایەوە. دەستی لە سەرمان سڕ ببوو.

لەناکاو، ئەسپ سوارێکی تری بە تەنیشتدا تێپەڕی. ئەسپ سوارەکە دەستە بەرگێکی سووری لەبەر بوو. ئەسپەکەی سوورو هەوساری ئەسپەکەیشی هەر سوور بوو. خۆر هەڵکشایە ئاسمان‌و ئیلیزای گەرم کردەوەو خوناوی سەر قژی وشك کردەوە.

ئیلیزا بە درێژایی ڕۆژ هەر ڕۆیشت تا بەرەبەری ڕۆژاوا گەیشتە بێشەیەکی بچووك. چاوی گێڕا، کووخێکی بچووکی بینی.

کووخەکە شوورەیەکی لە ئێسکی بنیادەم لە دەورەکرابوو. قسپەکانی، جومجومەی مرۆڤیان بە سەرەوە بوو. دەرگای کوخەکە پڕ ئێسکی قاچی بنیادەم بوو و قوفڵی دەرگا لە ددانی تیژ دروست کرابوو.

ئیلیزا، لە ترسان لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا. لە ناکاو ئەسپ سوارێك دەرکەوت. دەستەبەرگێکی ڕەشی لەبەر بوو. ئەسپەکەی ڕەش‌و هەوساری ئەسپەکەیشی هەر ڕەش بوو. ئەسپ سوارەکە بۆ لای دەرگای کووخەکە هات‌و لەپڕ بزر بوو. دەتگوت زەوی قووتی دا. شەو داهات. جومجومەکان چاویان داگیرساو هەموو شوێنێ وەکوو ڕۆژ ڕوناك بووەوە.



Scanned with CamScanner

ئیلیزا، له ترسان چرك‌و هۆڕ لەرزی. نەیتوانی له جێی خۆی بجوولێتەوه. دەتگوت قاچی له زەوی چۆته خوارێ. قاچی له دوو نەدەهات لەو شوێنه ترسناکه دوور بکەوێتەوه. له هیکەوه هەستی کرد زەوی له ژێر پێدا لەرزی. (یاگا) به سواری گەسك دەرکەوت.

(یاگا) بەرەو دەرگای کوخەکه فڕی. بۆنی به هەوادا کردو هاواری کرد:

- بۆنی بنیادەم دێ! کێ هاتۆته ئێرە؟

ئیلیزا چووه لای (یاگا)، سەلامی کردو به ڕێزەوه گوتی:

- داده گەورە! منم، ئیلیزام! زڕخوشکەکانم ڕەوانەی ئێرەیان کردم بۆ ئەوەی چرایەك لەلای تۆ ببەم.

(یاگا) وەڵامی دایەوه:

- ئۆی، ئەوه تۆی؟! زڕدایکت یەکێکه له خزم‌و کەس‌و کارەکانی من. زۆر باشه، ماوەیەك لای من بمێنەوەو ئیش بکه بۆ ئەوەی بزانم دەتوانم چت بۆ بکەم.

ئینجا به دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

- ئەی دەرگا، بکرێوه!

دەرگا کرایەوەو (یاگا) به سواری گەسك‌و دوای ئەویش ئیلیزا چوونه ناو کووخەکه.

دار ئەرژەنەکێك له پێش دەرگا هەبوو، ویستی به چلەکانی له ئیلیزا بدا.

(یاگا) هاواری کرد:



Scanned with CamScanner

- دەست لەم کچە مەدە! من هێناومەتە ئێرە.

سەگێك لەبەر دەرگا وەرکەوتبوو، ویستی قەپ لە ئیلیزا بدا، (یاگا) هاواری کرد:

- دەست لەم کچە مەدە! من هێناومەتە ئێرە.

پشیلەیەکی گەورە لە دالأنەکە بوو، ویستی چڕنۆك لە ئیلیزا بدا، (یاگ) هاواری کرد:

- قەپ لەم کچە مەگرە! من هێناومەتە ئێرە.

ئینجا ڕووی کردە ئیلیزاو گوتی:

- دەبینی؟ ناتوانی بە ئاسانی لە دەستم ڕابکەی. پشیلەکەم چڕنۆکت لێ دەدا، سەگەکەم قەپت لێ دەگرێو دار ئەرژەنەکەم لێت دەداو چاوت دەردێنێو دەرگای کووخەکەت بۆ نابێتەوە.

(یاگا) چووە ژوورەوە. لەسەر لاتەخت ڕاکشاو هاواری کرد:

- زوو بە، کچەکە، شتێ بێنە بیخۆم.

کچەکە بە ڕاکەڕاك چووە ژوورەوەو خواردنی بۆ (یاگا) هێنا.

ئیلیزا قاپەشۆربایەكو نیو کەلەشە گاو دە گۆزە شیرو بەرازێکی برژاوو بیست مریشكو چل قازو دوو کادەی گەورەو چەند سەتڵە ئاوێکی بۆ (یاگا) هێنا. (یاگا) هەمووی خواردو خواردەوە. تەنیا لەتە نانێکی دایە ئیلیزاو گوتی:

- ئێستا، ئەم فەردە هەرزنە بگرەو یەك یەك دنکەکانی لە یەك جودا بکەوە. بە وریایی دنکە ڕەشەکانی بژار بکە، نەوەك دەتخۆم.

ئینجا (یاگا) چاوی نووقاندو دەستی بە پرخو هۆڕ کرد.



Scanned with CamScanner

ئیلیزا پارچە نانێکی هەڵگرتو لە بەردەم بووکۆکەی بچووکی داناو گوتی:

- بووکۆکەی بچکۆڵەم! وەرە ئەم نانە بخۆ بۆ ئەوەی بە شێنەیی هەموو کلۆڵیو بەدبەختی خۆمت بچرپێنمە گوێ. (یاگا) کارێکی سەختی پێ سپاردووم‌و پێی گوتووم ئەگەر کارەکە نەکەم دەمخوا.

بووکۆکە وەڵامی دایەوە:

- نارەحەت مەبەو مەگری! چاوت بنووقێنەو بۆ خۆت بخەوە، خێرو بەرەکەتی سبەینان لە ئێواران زیاترە.

کە ئیلیزا خەوی لێکەوت، بووکۆکەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

- هۆ سینەسوورینە، کۆترینە، مەلووچەینە، گوێ بگرن. ئیشێکی زۆرمان هەیە دەبێ بیکەین! برادەرە باڵدارەکانم، فریام کەون! ژیانی ئیلیزا لە سەر یارمەتی ئێوە ڕاوەستاوە. بە هانامەوە وەرن. پێویستم بە یارمەتی ئێوەیە.

باڵندە، ڕەوە ڕەوە لە هەموو لایەکەوە هاتن. ئەوەندە زۆر بوون، بە چاو نەدیتران‌و بە زمان باس نەدەکران. دەستیان بە ئیش کردو خێرا هەرزنەکەیان لێك جودا کردەوە. هەرزنە باش‌و پاکەکەیان لەناو فەردەیەك کردو هەرزنە ڕەش‌و خراپەکەیان تووڕ هەڵدا.

ئەوەندە سەرقاڵی کار بوون نەیانزانی چۆن شەو جێگای بۆ سپێدە بەرداو فەردەکە تا دەرك‌و لێوان پڕ بوو.

کە کارەکەیان تەواو کرد، ئەسپ سواری بەرگ سپی بە سواری ئەسپە سپییەکەیەوە، بە بەردەم کووخەکەدا تێپەڕی.



Scanned with CamScanner

بەیانی داهاتو (یاگا) لە خەو بە خەبەر هاتو هاواری کرد:

- ئیلیزا، ئەو ئیشەی پێم گوتبووی، کردت؟

ئیلیزا وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، دادەگەورە، کارەکەم تەواو کرد.

(یاگا) زۆر تووڕە بوو، بەڵام نەیتوانی هیچ قسە بکا.

ئینجا بە بۆڵەبۆڵ گوتی:

- پف! من دەچمە ڕاووشکار. تۆ ئەم فەردەیە ببە ئەوێ. ئەم فەردەیە پڕ گاگۆزو دنکە خاشخاشە. گاگۆزەکان لە دنکە خاشخاشەکان جودا بکەوەو لە دوو فەردەیان بکە. وریا بە! ئەگەر ئەم ئیشە نەکەی، دەتخۆم.

(یاگا) چووە حەوشەو فیکەیەکی کێشا. لە هیکرا گەسکەکە هاتە لایەوە. هەر لەو کاتەدا، سوارەی سوورپۆش بە ڕاکردن بەوێدا تێپەڕیو خۆر لە ئاسماندا دەرکەوت.

(یاگا) سواری گەسکەکە بوو و ڕۆیشت. ئیلیزا پارچە نانێکی هەڵگرتو دایە بووکۆکەی بچکۆڵەیو گوتی:

- بووکۆکەی بچکۆڵەی نازەنینم! ڕۆحمم پێبکەو یارمەتیم بدە.

بووکۆکەکە بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- هۆ مشکیماڵینە، مشکی تەویلەو مشکی مەزراینە! بمگەنێ! کارێکی زۆرمان هەیە، دەبێ بیکەین.

مشک ڕەوە ڕەوە هاتن. ئەوەندە زۆر بوون بە چاو نەدیتران‌و بە زمان باس نەدەکران. پێش ئەوەی وادەی دیاری کراو تەواو ببێ، کارەکەیان



Scanned with CamScanner

تەواو کرد. وردە وردە شەو داهات. کچەکە مێزی ڕازاندەوەو چاوەڕێی هاتنەوەی (یاگا)ی کرد.

ئەسپ سواری ڕەشپۆش بە غار بە پێش کووخەکەدا تێپەڕیو شەو داهاتو چاوی جومجومەکامی سەر شوورەی حەوشە دەستیان بە درەوشانەوە کرد.

درەخت دەستیان بە نالەناڵ کردو گەڵای دارەکان دەنگیان لێ هەستاو (یاگا)ی جادووکەری بەدفەڕ، کە بە چاوترووکانێك بنیادەمی قووت دەدا، بە سواری گەسك هاتەوەو پرسی:

- ئیلیزا، ئەو ئیشەی پێم گوتبووی، کردت؟

- بەڵێ دادەگەورە، تەواوم کرد.

(یاگا) زۆر تووڕە بوو بەڵام نەیتوانی هیچ قسە بکا.

- باشە، ئێستا بڕۆ بخەوە. من دەقیقەیەکی تر دێمەوە.

ئیلیزا چووە پشت ئاگردان. گوێی لە دەنگی (یاگا) بوو، گوتی:

- کارەکەری نێوچەوان ڕەش! ئاگردان داگیرسێنە. بەیانی، کە لە خەو هەستام، ئیلیزا دەکەم بە کەباب.

ئینجا (یاگا) لە سەر تەخت ڕاکشا. چەنەگەی لەسەر تەقچکە داناو قاچی بە خۆی داداو کردی بە پرخو هۆڕێکی وا سەراپای جەنگەڵی لەگەڵ لەرزییەوە.

ئیلیزا دەستی بە گریان کرد. بووکۆکەکەی دەرهێنا. پارچە نانێکی لە بەردەم داناو گوتی:



Scanned with CamScanner

- بووکۆکەی بچکۆڵ! وەرە هەندێ نان بخۆ بۆ ئەوەی بە شێنەیی هەموو کلۆڵیو بەدبەختی خۆمت بچرپێنمە گوێ. (یاگا) دەیەوێ بمکا بە کەبابو بمخوا.

بووکۆکەکە پێی گوت: نابێ هیچ وەخت بە هەدەر بدەی، دەبێ زوو خۆت لەم گێلەوێژەیە نەجات بدەی.

ئیلیزا بە پەلە چووە لای کارەکەری نێوچەوان ڕەش، سەلامی کردو گوتی:

- ئەی کارەکەری نێوچەوان ڕەش، تکایە یارمەتیم بدە. کە ویستت ئاگردان دابگیرسێنی، ئاو بەسەر دارو ئێزنگدا بکە بۆ ئەوەی باش نەسووتێ. بەرامبەر بەو چاکەیەی لەگەڵم دەکەی، ها ئەم دسماڵەت پێشکەش دەکەم.

کارەکەری نێوچەوان ڕەش وەڵامی دایەوە، گوتی:

- زۆر باشە، ئازیزەکەم! یارمەتیت دەدەم. داگیرساندنی ئاگردان درێژ دەکەمەوەو پێی (یاگا) ختۆکە دەدەم بۆ ئەوەی بە درێژایی شەو بخەوێ تا تۆ بتوانی ڕابکەی.

- بەڵام پێت وا نییە ئەو ئەسپ سوارانە دەمگرنو دەمگێڕنەوە؟

کارەکەری نێوچەوان ڕەش گوتی:

- نۆی، نا، نا! ئەسپ سواری سپی پۆش ڕۆژی ڕوناکە، ئەسپ سواری سوورپۆش خۆری زێڕینەو ئەسپ سواری ڕەشپۆش شەوە. ئەوان هەقیان بە سەر تۆدا نییە.



Scanned with CamScanner

ئیلیزا بە غار چووە دالانەکە. پشیلەکە پەلاماری دا بۆ ئەوەی چڕنۆکی لێ بدا، بەڵام ئیلیزا پارچە کولیچەیەکی بۆ هاویشتو پشیلەکە وازی لێ هێنا.

ئیلیزا ڕای کرد بۆ هەیوان. سەگەکە پەلاماری داو ویستی قەپی لێ بگرێ. بەڵام ئیلیزا پارچە نانێکی بۆ هەڵداو سەگەکە وازی لێ هێنا.

ئیلیزا بە ڕاکە ڕاك لە حەوشە چووە دەرەوە. دار ئەرژەنەك ویستی بە چلەکانی لێی بداو چاوی دەربێنێ، بەڵام ئیلیزا قردێلەیەکی لە چلەکانی بەستو دار ئەرژەنەك وازی لێ هێنا.

دەرگا خەریك بوو دابخرێ، ئیلیزا سیوسیوەی چەور کردو دەرگاکە کرایەوە.

ئیلیزا ڕایکرد چووە ناو جەنگەڵی تاریك. لە هەمان کاتدا ئەسپ سواری ڕەشپۆش بە غار بە تەکیدا تێپەڕیو هەموو شوێنێ تاریك تاریك داهات. ئێستا چۆن بتوانێ لەو جەنگەڵە تاریکە بچێتە دەرەوە؟و چۆن بەرسڤی زڕدایکی بداتەوە؟ بێشك ئەوەندەی لێ دەدا، دەیکوژێ.

ئیتر داوای یارمەتی لە بووکۆکەی بچووکی کردو هەرچی بووکۆکەکە گوتی، کردی.

ئیلیزا جومجومەیەکی لەسەر شوورەی کووخەکە هەلگرتو لەسەر داردەستێکی چەقاندو چووە ناوجەنگەڵ. جومجومەکە چاوی دەدرەوشایەوەو جەنگەڵی ڕوناك دەکردەوە.

ئێستا با بزانین (یاگا) چی کرد؟



Scanned with CamScanner

(یاگا) له خەو هەستاو خۆی لێك کێشایەوە. که دیتی ئیلیزا ڕۆیشتووه، به تەنگاوی چووه دالآنەکەو پرسی:

- پشیله ڕەشه، که ئیلیزا ویستی ڕابکا، تۆ چڕنۆکت لێ نەدا!

پشیله ڕەشه وەڵامی دایەوە:

- نا. چڕنۆکم لێ نەداو ڕێم دا بڕوا چونکه کولیچەیەکی دامێ. ده ساڵ خزمەتی تۆم کرد، تۆ یەك چنکه نانت نەدامێ!

(یاگا) به تەنگاوی چووه حەوشەو هاواری کرد:

- ئەی سەگی وەفادارم، ئیلیزا ڕۆیشت تۆ قەپت لێ نەگرت!

سەگ وەڵامی دایەوە:

- نا. قەپم لێ نەداو ڕێم دا بڕوا چونکه پارچه نانێکی دامێ. چەند ساڵ خزمەتی تۆم کرد، تۆ هەرگیز یەك ئێسکت نەدامێ.

(یاگا) هاواری کرد:

- ئەی دار ئەرژەنەك! ئەی دار ئەرژەنەك! تۆ چاوی ئیلیزات دەرنەهێنا؟

دار ئەرژەنەك وەڵامی دایەوە، گوتی:

- نا. چاوم دەرنەهێناو ڕێم دا بڕوا چونکه قردیلەیەکی له چڵەکانم دا. من ده ساڵه لێره دەژیم، تۆ پەتێکت لێ نەبەستم.

(یاگا) چووه لای دەرگاو هاواری کرد:

- هۆ دەرگا، دەرگا! ئایا له ڕووی ئیلیزا دانەخرای؟

دەرگا وەڵامی دایەوە:



Scanned with CamScanner

- نا. له ڕووی ئیلیزا دانەخرام‌و ڕێم دا بڕوا چونکه سیوسیوەی چەور کردم. ئەوه دەمێکه من خزمەتی تۆ دەکەم، بەڵام تۆ تەنانەت ئاوێکت له سیوسیوەم نەدا.

(یاگا) مێشکی له سەردا نەما. کەوته لێدانی پشیلەکەو سەگەکه. دەرگاکەی شکاندو دار ئەرژنەکەی بڕییەوه. ئەوەنده شەکەت بوو، ئیلیزای تەواو له بیر کرد.

ئیلیزا هەر ڕایکردو رایکرد بۆ ماڵەوه. دیتی هیچ چرایەك له ماڵەوه پێ نییە. زڕ خوشکەکانی به تەنگاوی ڕایان کرده دەرێ‌و سەرزەنشتیان کرد:

- بۆچی بۆ چرا هێنان ئەوەندەت پێ‌چوو؟ ئێمه هیچ چرای داگیرساومان له ماڵەوه نەبوو. هەر چەنده ویستمان چرا پێ بکەین، بێ‌فایده بوو. چرایەکمان به دەستیاو له دراوسێکان وەرگرت بەڵام هەر هێنامانه ماڵەوه، یەکسەر کوژایەوه. بەڵکو چرای تۆ ماڵەوه ڕوناك بکاتەوه.

جومجومەکەیان برده ناو کووخەکه. جومجوومەکه چاوی بڕییه زڕدایك‌و زڕخوشکەکان، وەك ئاگر سووتاندنی. زڕدایك‌و زڕخوشکەکان ویستیان خۆیان بشارنەوه، بەڵام دەچوونه هەر شوێنێ، چاوی جومجومەکەیان به دواوه بوو. تا بەیانی هەرسێکیان بوون به خۆڵەمێش. تەنیا ئیلیزا به ساغی مایەوەو هیچ ئازاری پێ نەگەیشت. ئیلیزا، جومجومەکەی له دەرەوەی کووخەکه ناشت. چەپکه گوڵێکی سوور له شوێنەکەی هاته دەرەوه. دوای ئەو بەسەرهاتە، ئیلیزا دڵی



Scanned with CamScanner

بەرووەست نەهات لەو کووخە بمێنێتەوە. چووە شارو لە ماڵی پیرەژنێك ژیا.

ڕۆژێ ئیلزا بە پیرەژنەکەی گوت:

- دادە گەورە، وەرس بوویم ئەوەندەی بەبێ ئیش دابنیشم. بڕۆ باشترین جۆرە خوریم بۆ بکڕە.

پیرەژن هەندێ خوری بۆ کڕیو ئیلیزا دەستی بە خوری ڕستن کرد. بە وردیو بە خێرایی ئیشی دەکرد. چەرخی خەڕەك ڕێسی دەنگ دەداو داوێکی زێڕینی باریك وەك مووی لێ دەهاتە دەرەوە. ئینجا ئیلیزا دەستی بە چنینی قوماش کرد. قوماشەکە ئەوەندە باشو ناسك بوو وەکوو داوی دەزی بە کونی دەرزییەوە دەچوو. ئینجا قوماشەکەی بە ڕەنگی سپی بەفریی ڕەنگ کردو گوتی:

- دادەگەورە، بڕۆ ئەم قوماشە ببە، بیفرۆشەو پارەکەی بۆ خۆت.

پیرەژن سەرنجێکی لە قوماشەکە داو لە سەرسامییان ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- نا، ڕۆڵە! قوماشی وا شایەنی کوڕە پاشایانە! دەیبەمە کۆشکی پاشا.

پیرەژن، قوماشەکەی بردە کۆشکی پاشا. شازادە چاوی پێکەوت. هەموو گیانی بوو بە خۆشیو پرسی:

- ئەم قوماشە بە چەند دەفرۆشی؟

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- ئەم قوماشە فرۆتەنی نییە. بە دیاری بۆ ئێوەم هێناوە.



Scanned with CamScanner

شازادە سوپاسی پیرەژنی کردو دیارییەکی زۆری پێشکەش کردو ڕەوانەی ماڵەوەی کردەوە.

شازادە کەسی دەست نەکەوت کراسێکی لەو قوماشە بۆ دروست بکا، چونکە کراسەکەیش دەبوایە وەکوو قوماشەکە بە باشیو ناسکی بدووریٚ. لە دوو پیرەژنەکەی ناردو گوتی:

- تۆ ئەم قوماشە ناسکەت چنیوە، دەبیٚ هەر خۆیشت کراسێکی ئاوها ناسکم بۆ بدووری.

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- خورییەکە من نەمرستووەو ئەم قوماشە من نەمچنیوە. ئەمە کاری کچێکە بە ناوی ئیلیزا.

- باشە، مادەم وایە پێی بڵیٚ ئەو هەر خۆیشی کراسێکم بۆ بدووریٚ.

پیرەژن چووەوە ماڵیو هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ ئیلیزا گێڕایەوە. ئیلیزا دوو کراسی دووریو بە داوی زیو گوڵدۆزی کردنو بە مرواری خڕو گەورە دوگمەی بۆ کردن. ئینجا کراسەکانی دایە پیرەژن بۆ کۆشکی پاشای برد. خۆیشی لەبەر پەنجەرە دانیشت.

دوای ماوەیەك، دیتی خزمەتکارێکی شازادە هات. خزمەتکارەکە گوتی:

- شازادە فەرمانی داوە بچیتە کۆشك!

ئیلیزا چووە کۆشکی پاشا. شازادە، کە چاوی پێکەوت، واقی لە دیار وڕماو گوتی:

- تازە نایەڵم بڕۆی. دەبیٚ شووم پیٚ بکەی!

ئیلیزا ڕازی بوو شووی پیٚ بکا.

ئاهەنگێکی بە تەنتەنەی زەماوەندیان کرد. پاش ماوەیەك، باوکی ئیلیزا لە سەفەر هاتەوەو لای ئیلیزا مایەوە.

ئیلیزا پیرەژنەکەی هێنایە کۆشك بۆ ئەوەی لای ئەو بژی.

ئێستا گوێ لە بووکۆکەی قسەکەر بگرن.

ئیلیزا هەمیشە بووکۆکەکەی لە گیرفانیدا بووو هەر کاتێ پێویست بایە پرسی پێدەکردو ڕای وەردەگرت.

بەم جۆرە تا دوامینی عومریان بە شادیو خۆشی بە یەکەوە ژیان.

* * *



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## (٢) شازادە خانمی بۆق

هەبوو نەبوو...

چەندەها ساڵ پێش ئێستا، پاشایەك هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. کە کوڕەکانی پێڕاگەیشتن، پاشا هەر سێکی بانگ کردنە لای خۆیو گوتی:

- ڕۆڵە ئازیزەکانم! هەتا پیر نەبوویم، حەز دەکەم ژنتان بۆ بێنم، بووکەکانتان ببینمو خۆشی لە دیدەنی نەوەکانم وەربگرم.

سێ کوڕەکە گوتیان:

- باوکە، مادەم وات دەوێ، دوعامان بۆ بکە. باشە تۆ حەز دەکەی ئێمە زەماوەند لەگەڵ چ جۆرە کەسێ بکەین؟

پاشا گوتی:

- ڕۆڵەکانم، دەست دەنە تیروکەوان، بڕۆنە ئەو دەشتە. یەکەو تیر باوێن. تیرەکان لە کوێ کەوتنەوە، هاوسەرەکانتان لەوێن.

کوڕەکان ئیکلامیان بۆ باوکیان کێشا. هەر کەسە دەستی دایە تیروکەوانی خۆیو چوونە ئەو دەشتو دەرە. کەوانیان ڕاکێشاو یەکەو تیریان هاویشت. تیری کوڕی یەکەم کەوتە حەوشەی کابرایەکی خاوەن زەویو کچی کابرای زەویدار تیرەکەی هەلگرتەوە. تیری کوڕی دووەم کەوتە حەوشەی بازرگانێکی دەوڵەمەندو کچی بازرگانەکە تیرەکەی هەلگرتەوە. تیری (ئیڤان)ی کوڕە گچکە لە جێگایەکی دوور دوور



Scanned with CamScanner

کەوتەوە. (ئیڤان) چووە دوای تیرەکە. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە گۆمێك. بۆقێکی دێ تیرەکەی بە دەمەوە گرتبوو. ئیڤان بە بۆقەکەی گوت:

- بۆقەکە، تیرەکەمم بدەوە!

بۆقەکە وەڵامی دایەوە:

- بە مەرجێ تیرەکەت دەدەمەوە، کە بمهێنیو ببی بە مێردم.

شازادە ئیڤان بە سەرسامی گوتی:

- مەبەستت چییە؟ من چۆن دەتوانم زەماوەند لەگەڵ بۆق بکەم.

بۆقەکە گوتی:

- دەبێ زەماوەندم لەگەڵ بکەی، چونکە چارەنووست وایە.

شازادە ئیڤان زۆر غەمگین بوو، بەڵام هیچ چارەی نەبوو. ئیتر بۆقەکەی هەلگرتو بردییەوە ماڵێ. ڕێو ڕەسمی زەماوەند سازدرا. کوڕی یەکەم زەماوەندی لەگەڵ کچی کابرای خاوەن زەوی کردو کوڕی دووەم زەماوەندی لەگەڵ کچی بازرگانەکە کردو ئیڤانی داماویش زەماوەندی لەگەڵ بۆقەکە کرد.

ماوەیەك پێچوو، پاشا لە دوو کوڕەکانی نارد. کوڕەکانی هاتن. پێی گوتن:

- دەمەوێ بزانم دورمانی هاوسەری کامەتان لە هەموویان باشترە. تا سبەی سبەینێ ماوەیان دەدەم دەبێ یەکەو کراسم بۆ بدوورن.



Scanned with CamScanner

کوڕەکان ئیکلامیان بۆ باوکیان کێشاو ڕۆیشتن. شازادە ئیڤانیش چووەوە ماڵێ. لەسەر کورسی دانیشت. بۆقەکە بازی داو چووە لایەوەو گوتی:

- شازادە ئیڤان، بۆچی سەرت دانەواندووە؟ لە چ شتێ نارەحەتی؟

- باوکم دەستووری داوە تۆ تا سبەی سبەینێ کراسێکی بۆ بدووری.

- شازادە ئیڤان، نارەحەت مەبە. ئێستا برۆ بخەوە.

شازادە ئیڤان چووە ناوجێو نووست. بۆقەکە بازی دا. چووە هەیوانێ، لە پێستەی بۆق هاتە دەرەوەو بوو بە خانمێکی ئاقڵو زیرەك. خانمێ بە ناوی ڤاسیلیزا کە لە دونیادا مانەندی نەبوو. ڤاسیلیزا چەپڵەی لێداو هاواری کرد:

- هۆ، ژنینە! هۆ ئاودەنگەکانم، وەرن! زوو کەن. دەست پێکەن، تا سبەی سبەینێ کراسێکم بۆ بدوورن وەکوو ئەو کراسەی باوکم لەبەری دەکرد.

سبەینە داهات، شازادە ئیڤان لە خەو بە ئاگا هات، بۆقە خانی دی لەسەر زەوی هەڵبەزو دابەزی بوو. کراسەکەیش لەسەر مێز داندرا بوو. لە قوماشێکی زۆر جوان پێچرابوو.

شازادە ئیڤان زۆر خۆشحاڵ بوو، کراسەکەی هەلگرتو چووە خزمەت باوکی. دوو کوڕەکەی تریش بۆ پێشکەش کردنی دیارییەکانیان هاتبوون. کوڕی یەکەم کراسەکەی دایە پاشا.

پاشا وەری گرتو گوتی:

- ئەم کراسە لایەق بە پاشایان نییە.



Scanned with CamScanner

کوڕی دووەم، کراسەکەی دایە پاشا. پاشا گوتی:

- ئەم کراسە بۆ حەمام باشە.

نۆرەی شازادە ئیڤان هات. شازادە ئیڤان کراسەکەی پێشکەش کرد. کراسەکە بە زێڕو زیو گوڵدۆز کرابوو. پاشا وەری گرتو گوتی:

- ئەم کراسە شایستەی پاشایە.

دوو برای گەورەترێ چوونەوە ماڵێ. لە ڕێگادا، لە بەینی خۆیانەوە گوتیان:

- دیارە غەڵەت بووین بە ژنی شازادە ئیڤان پێکەنینو گاڵتەمان پێ‌کرد. ژنەکەی بۆق نییە، جادووکەرە لە پێستی بۆقدا.

دوای ماوەیەك، پاشا دووبارە لە دوو کوڕەکانی ناردو پێی گوتن:

- تا سبەی سبەینێ مۆڵەت بە هاوسەرەکانتان دەدەم نانم بۆ بکەن. دەمەوێ بزانم کامەیان کابانو چێشتکەرێکی دەست ڕەنگینترە.

شازادە ئیڤان لە خەفەتان سەری شۆڕ کردو گەڕایەوە ماڵێ. بۆقە خان لێی پرسی:

- شازادە ئیڤان، بۆچی ناڕەحەتی؟

- دەبێ بۆ سبەی سبەینێ هەندێ نان بۆ باوکم بکەی.

- شازادە ئیڤان ناڕەحەت مەبە. ئێستا بڕۆ بە خەیاڵی ئاسوودە بخەوە.

هاوسەرەکانی دوو برای گەورەترێ، کە سەرەتا بە بۆقەکە پێکەنینو گاڵتەیان پێ کرد، ئێستا ویستیان بزانن بۆقەخان چۆن نان دەکا. ئەم کارەیان بە پیرەژنێك سپاردو ڕەوانەیان کرد.



Scanned with CamScanner

بۆقەخان زیرەك‌و ئاقڵ بوو، لە پلانەکەیان گەیشت. ئیتر هەندێ هەویری شێلا. سەرەوەی تەندووری سوورکردەوەو هەویرەکەی لە کونەکەوە فڕێ دایە بنەوە.

پیرەژن گەڕایەوە لای دوو ژنەکەو هەموو شتەکەی، لە سەری هەتا بنی، بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش هەمان شێوازیان بۆ نان کردن بە کارهێنا. لەولاوەیش بۆقەکە خۆی کردەوە بە ڤاسیلیزای زیرەك‌و ئاقڵ. دەستی کردە ئەلقەو هاواری کرد:

- هۆ ژنینە! هۆ ئاودەنگەکانم! وەرن، زوو کەن! دەست پێ کەن، تا سبەی سبەینێ نانێکی سپی‌و نەرمم بۆ بکەن وەکوو ئەو نانەی باوکم لەماڵەوە دەیخوارد.

سبەینە داهات. شازادە ئیڤان لە خەو بە ئاگا هات، دیتی نانەکە برژاوەو ئامادە کراوەو لەسەر مێز داندراوەو بە وێنەی جیاجیای وەکوو شارو دەریاو ڕووبار ڕازاوەتەوە. شازادە ئیڤان زۆر شادو خۆشحاڵ بوو. نانەکەی لە قوماشێك پێچاو بۆ پاشای برد. دوو براکەی تریش بۆ پێشکەش کردنی نانی خۆیان هاتبوون. ژنەکانی ئەوانیش بە پێی ڕێ‌و ڕەسمی پیرەژنەکە نانەکەیان کردبوو، ئیتر نانەکەیان سووتابوو و ڕەش ببوو. پاشا نانی لە کوڕی یەکەمی وەرگرت. سەرنجێکی لێ داو ڕەوانەی هۆڵی پێشوازی کرد. نانی کوڕی دووەمیشی هەر وا لێ کرد. بەڵام نانی شازادە ئیڤانی وەرگرت‌و گوتی:

- ئەم نانە لایەق بە پاشایە.



Scanned with CamScanner

پاشا دەستووری دا ڕۆژی پاشی سێ کوڕەکەی بە خۆو بە هاوسەرەکانیان بچنە کۆشك و خواردنی لەگەڵ بخۆن.

شازادە ئیڤان دیسان بە غەمباریو ناڕەحەتی گەڕایەوە ماڵێ.

بۆقەخان بازی داو چووە لایەوەو پرسی:

- شازادە ئیڤان، بۆچی ناڕەحەتی؟ ئایا باوکت بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ کردووی؟

- بۆقەکە، ناڕەحەتی بۆ من نەبێ، بۆ کێ باشە!؟ پاشا دەستووری داوە تۆ لەگەڵ خۆمدا ببەمە ئاهەنگی کۆشکی پاشا. نازانم بە چ ڕوویەك تۆ ببەمو پێشانی خەڵکت بدەم!؟

- شازادە ئیڤان، ناڕەحەت مەبە! تۆ بە تەنیا بڕۆ ئاهەنگەکە، من دوای تۆ دێم. کە گوێت لە هەراوهۆریایەك بوو، مەترسە. ئەگەر لێیان پرسی: ئەم دەنگو هەرایە چییە؟ بڵێ دەنگی بۆقی منە سواری قوتووەکەی بووە.

وەکوو ڕێك کەوتبوون، شازادە ئیڤان بە تەنیا چووە ئاهەنگەکە بەڵام دوو براکەی بە خۆو بە هاوسەرەوە هاتبوون. ژنەکانیان جلی پڕ زرقو برقیان لەبەر کردبوو، خۆیان تەواو خەملاندبوو. لە تەك یەك وەستابوونو گاڵتەیان بە ئیڤان دەکرد. لێیان پرسی:

- بۆچی بەبێ هاوسەرەکەت هاتووی؟ دەتتوانی لە ناو دەسماڵێکی بپێچیو بیهێنی. ئەو کچەی وا جوانت لە کوێ پەیدا کرد؟ بێشك سەراپای گۆمەکەی بە دواد گەڕاوی!



Scanned with CamScanner

پاشا لەگەڵ کوڕو بووکەکانو لەگەڵ میوانەکان لەسەر مێز دانیشتن بۆ ئەوەی خواردن بخۆن.

لەناکاو بوو بە هەراو دەنگە دەنگ، هەموو کۆشکی هەژاندو لەرزاند.

میوانەکان ترسانو لە جێی خۆیان دەرپەڕین. شازادە ئیڤان گوتی:

- میوانە ئازیزو بەڕێزەکان، مەترسن! ئەمە دەنگی بۆقی منە سواری قوتووەکەی بووە.

لەناکاو گالیسکەیەکی زێڕینی شەش ئەسپی، لە هەیوانی کۆشك دەرکەوتو ڤاسیلیزای زیرەكو ئاقڵی لێ هاتە دەرەوە. جلێکی ئاوریشمی لەبەرکردبوو بە ئەستێرە ڕازابووەوە. تاجێکی وەکوو هیلالی لەسەرنابوو. ئەوەندە جوان بوو بە کەس وەسف نەدەکرا. دەستی شازادە ئیڤانی گرتو شازادە ئیڤانی بردە لای مێزەکە.

میوانەکان سەرقاڵی خواردن بوون. ڤاسیلیزیای ئاقڵو زیرەك کەمێکی لە شەربەتی خۆی خواردەوەو هەندێکی لە قۆڵی چەپەی کرد. هەندێ گۆشتی قووی خواردو ئێسکەکانی لەناو قۆڵی ڕاستەی نا.

هاوسەرەکانی دوو براکەی تر دیتیان ڤاسیلیزا چی کرد، ئەوانیش لاسایان کردەوەو هەمان شتیان کرد.

پاش نان خواردن، هەموو تەماشای ڤاسیلیزیان کردو سەریان لە دیار سوڕما. ڤاسیلیزا قۆڵی چەپەی تەکان داو دەریاچەیەك پەیدا بوو. ئینجا قۆڵی ڕاستەی تەکان داو چەند قوویەکی سپی لەسەر دەریاچەکە دەرکەوتنو دەستیان بە مەلە کرد. پاشاو میوانەکان زۆر سەریان سوڕما. دوو بووکەکەی تریش چاویان لە ڤاسیلیزا کرد، قۆڵی



Scanned with CamScanner

چەپەیان تەکان داو لەشی میوانەکانیان پیس کرد. ئینجا قۆڵی ڕاستەیان تەکان داو — ئای منداڵینە قەت ئەو ڕۆژە ڕەشە بە چاوی خۆتان نەبینن - ئێسك پەڕینە ئەم لاو ئەولاو ئێسکێك بە چاوی پاشا کەوت. پاشا زۆر تووڕە بوو. فەرمانی بە بووکەکان کرد لەبەرچاوی بزر بن.

لەو ماوەیەدا، شازادە ئیڤان کۆشکی جێ هێشتو گەڕایەوە ماڵێ. پێستەی بۆقەخانی دۆزییەوە. فڕێی دایە ناو تەندوورو سووتاندی.

ڤاسیلیزای ئاقڵو زیرەك گەڕایەوە ماڵێ. هەر چەندە گەڕا پێستەکەی نەدۆزییەوە. زۆر نارەحەت بوو. لەسەر لا تەخت دانیشت. ڕووی کردە ئیڤانو گوتی:

- ئاخ! شازادە ئیڤان، ئەوە چ کارێ بوو تۆ کردت؟! ئەگەر تەنیا سێ ڕۆژی دی دانت بە خۆتدا گرتبا، بە یەکجاریی دەبووم بە هی تۆ، بەڵام ئێستا دەبێ خودا حافیزیت لێ بکەم. ئەگەر ویستت بمدۆزیتەوە، دەبێ حەفت وڵات ببڕی!

ئەو حەلە ڤاسیلیزا گۆڕا، بوو بە تفتیلكو لە پەنجەرەوە فڕیو ڕۆیشت.

شازادە ئیڤان ماوەیەك گریا، ئینجا سەری هەلگرتو ڕۆیشت بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بدۆزێتەوە. ڕۆژگار هاتو چوو، ئیڤان پێڵاوی دافرەقیو جلی دڕاو لێوی کلاوی تێکچوو. دوای ماوەیەك، گەیشتە پیرەمێردێك. پیرەمێرد پرسی:

- لاوۆ، ئەوە شوێن چی کەوتووی؟و دەچیتە کوێ؟



Scanned with CamScanner

شازادە ئیڤان باسی گیروگرفتی خۆی بۆ کرد. پیرەمێرد گوتی:

- ئاخ! شازادە ئیڤان، تۆ بۆچی پێستەی بۆقەکەت سووتاند؟ خۆ ئەو پێستە هی خۆت نەبوو. نەدەبوایە ئەو ئیشە بکەی! ڤاسیلیزا، کاتی خۆی، لە باوکی ئاقڵترو زیرەکتر بوو، بۆیە باوکی لە داخان کردی بە بۆق. ئێستایش هیچمان لە دەست نایێ. ها، ئەم کەلەفە دەزووە بگرە، فڕێی دە سەر زەوی. چووە هەر کوێ، بە دوایدا بڕۆ.

شازادە ئیڤان سوپاسی پیرەمێردی کردو بە شوێن کەلەفە دەزووەکەدا کەو تەڕێ. کە گەیشتە دەشتو دەر تووشی ورچێك هات. نیشانەی لە ورچەکە گرتو ویستێ بیکوژێ، ورچەکە هاتە قسەو گوتی:

- شازادە ئیڤان، مەمکوژە. دەشێ ڕۆژێ بە کەڵکت بێم.

شازادەخانم سکی بە ورچەکە سووتاو وازی لێ هێناو لە ڕێی خۆی بەردەوام بوو. ئینجا باڵندەیەکی بینی بە سەر سەریدا دەفڕی. شازادە ئیڤان ویستی نیشانەی لێ بگرێ، لەناکاو باڵندەکە بە قسەهاتو گوتی:

- شازادە ئیڤان، مەمکوژە! کێ دەزانێ، دەشێ ڕۆژێ بێ‌و پێویستت بە من ببێ!

ئیڤان باڵندەکەی نەکوشتو لە ڕێگای خۆی بەردەوام بوو. لە هەمان کاتدا کەروێشکێك بە غارەغار هات. شازادە ئیڤان نیشانەی لێگرت. بەڵام کە ویستی تیرێکی تێبگرێ، کەروێشکەکە هاتە قسەو گوتی:

- شازادە ئیڤان، مەمکوژە! دەشێ ڕۆژێ بێ‌و پێویستت بە یارمەتی من ببێ.



Scanned with CamScanner

شازادە ئیڤان سکی بە کەروێشکەکە سووتا. نەیکوشتو لە ڕێگای خۆی بەردەوام بوو. پاش ماوەیەك گەیشتە دەریایەکی شین، سۆنە ماسییەکی دی لەسەر لمو زیخ کەوتبوو، ئاوزنگی دەدا. سۆنە ماسی، گوتی:

- شازادە، ڕەحمم پێ بکەو فڕێم دەوە ناو ئاو.

شازادە ئیڤان سۆنەماسی فڕێ دایەوە ناو ئاوو لە کەناری دەریادا لە ڕێگای خۆی بەردەوام بوو.

دوای ماوەیەك، کەلەفە دەزووەکە چووە ناو جەنگەڵو گەیشتە کووخێکی بچووك.

شازادە ئیڤان گوتی:

- ئەی کووخی بچووك، ئەی کووخی بچووك! پشتت لە جەنگەڵ بکەو ڕووت بۆ لای من وەرگێڕە.

کووخەکە ڕووی کردە شازادە ئیڤانو شازادە چووە ناو کووخەکە. جادووکەرێك لەناو کووخەکە بوو. لووتێکی گەورەو خواری هەبوو بە بن میچەوە نووسابوو.

جادووکەرەکە گوتی:

- لاوۆ، ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی؟ شوێن چی کەوتووی؟ قسە بکە!

شازادە ئیڤان وەڵامی دایەوە:

- پیرەژن، یەکەم جار هەندێ خواردنو خواردنەوەم بدەرێ بخۆمو حەمامم بۆ داخە، پاشان ئەگەر پرسیارێکت هەبوو، لێم بپرسە!



Scanned with CamScanner

جادووکەرەکە حەمامی داخستو خواردنو خواردنەوەی بۆ شازادە هاوردو لەناو نوێنی خۆی خەواندی. پاشان شازادە ئیڤان باسی کرد بە دوای ڤاسیلیزای ئاقڵو زیرەکی هاوسەریدا دەگەڕێ. جادووکەرەکە گوتی:

- من دەزانم ڤاسیلیزا لە کوێیە. (کاشچی نامیرا) لە ژێر چەنگی خۆی دیلو ئێخسیری کردووە. نەجاتدانی کارێکی ئاسان نییە چونکە کاشچی بە ئاسانی نابەزێو بۆڕ ناخوا. مەرگی کاشچی بە سەری دەرزییەکەوە بەندە. دەرزییەکە لەناو هێلکەیەکدایە. هێلکەکە لە ناو ورگی سۆنەیەکدایە. سۆنەکە لە ناو ورگی کەروێشکێکدایە. کەروێشکەکە لە ناو سندووقێکی بەرددایەو سندووقە بەردەکە لەسەر داربەڕوویەکی بڵند داندراوە، پاسەوانەکانی (کاشجی نامیر) وەکوو گلێنەی چاوی خۆیان پاسەوانی لێ دەکەن.

شازادە ئیڤان شەوی لە کووخی جادووکەرەکە بردە سەرو کە سبەینە داهات، جادووکەرەکە جێگای داربەڕووەکەی پێگوت. شازادە ملی ڕێی گرت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە داربەڕووە بڵندەکە. درەختەکە لەبەر بادا دەهەژایەوە. سندووقە بەردەکەی لە چڵەپۆپە بوو. زەحمەت بوو بتوانی بە سەر درەختەکە بکەوی. لەناکاو سەرو سەکووتی ئەو ورچە پەیدابوو کە کاتی خۆی تووشی ئیڤان هات. دار بەڕووەکەی لە ڕەگو ڕیشەوە دەرهێنا. سندووقەکە بەربووەوەو شکا. کەروێشکێ لەناو سندووقەکە هاتە دەرەوەو دەرپەڕیو هەڵات، کەروێشکێکی تر لەولاوە پەیدابوو، کەروێشکە ڕاکردووەکەی گرتو



Scanned with CamScanner

پارچە پارچەی کرد. سۆنەیەك لەناو ورگی کەروێشکەکە هاتە دەرەوەو فڕێ بۆ ئاسمان. لەناکاو باڵندەیەك دەرکەوتو زەبرێکی توندی لێدا. سۆنەکە هێلکەیەکی لە دەنووك بەربووەوەو کەوتە ناو دەریای شین.

شازادە ئیڤان لەمە زۆر غەمبارو دڵتەنگ بوو. لە پرمەی گریانی دا. نەیزانی چۆن هێلکەکە لەناو دەریادا دەربێنێ. لە هیکرا سۆنە ماسییەك، هێلکەکەی بە دەمەوە بوو، بە مەلە هاتە سەر کەنارو هێلکەکەی دایە شازادە ئیڤان. شازادە ئیڤان هێلکەکەی شکاندو دەرزییەکەی دەرهێناو ویستی نووکی دەرزییەکە بشکێنێ. تا زیاتر دەرزییەکەی دەچەماندەوە، (کاشچی نامیر) زیاتر پێچی دەخواردەوە، بەڵام بێفایدە بوو. ئیڤان نووکی دەرزییەکەی شکاندو کاشچی بەربووەوەو مرد.

شازادە ئیڤان چووە کۆشکی سپی کاشچیو ڤاسیلیزای ئاقڵو زیرەك هەر ڕایکرد بۆ پێشوازی. ئەوەندە خۆشحاڵ بوون، لە پێستەی خۆیان نەدەحەوانەوە.

شازادە ئیڤانو ڤاسیلیزای ئاقڵو زیرەك گەڕانەوە ماڵی خۆیانو تا مردن بە شادیو خۆشی لەگەڵ یەکتر ژیان.

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

## (٣) ئیڤانی دەوڵەمەندو ئیڤانی هەژار

هەبوو نەبوو...

لە ڕۆژگاری کۆن دوو برا هەبوون. هەردووکیان ناویان ئیڤان بوو، بەڵام یەکێ ئیڤانی دەوڵەمەند بوو و ئەوەی تر ئیڤانی هەژار بوو.

ئیڤانی دەوڵەمەند خانوویەکی بە تەنتەنەو عەمبارێکی پڕ ئاردو گەنمو ڕانەمەڕێکی قەڵەوو بە دەقی هەبوو. هەموو ڕۆژێ لە چەمەنزاری کەناری ڕووبار دەیلەوەڕاندن. لە ماڵەوە، لەگەڵ ژنەکەی ژیانێکی خۆشو ئاسوودەی هەبوو. تاکە خەفەتو گیروگرفتیان ئەوە بوو وجاغ کوێر بوون. واتە ژنی ئیڤانی دەوڵەمەند منداڵی نەدەبوو.

کەچی ئیڤانی نەدار حەفت منداڵی سەرکەو بنکەی هەبوو. منداڵەکان هەموو ئارەزوویان ئەوە بوو شەوێك تێر بە سکی خۆیان شۆربای کەلەم بخۆن. بەڵام هەندێ شەو، نانی وشكو پەتیشیان دەست نەدەکەوت، ناچار دەبوون بە سکی برسی دەخەوتن.

ڕۆژێ، منداڵەکانی ئیڤانی هەژار لە برسان زیرەیان کرد، تاقەتی برسێتییان نەبوو، باوکیان چووە لای برای دەوڵەمەندی بۆ ئەوەی هەندێ خواردن بۆ منداڵە برسییەکانی بێنێ. ئیڤانی هەژار گوتی:

- برام، ڕۆژ باش!

- ڕۆژ باش ئیڤانی هەژار! ئەوە چۆنە هاتووی؟ پایزە برا، تۆو ئێرە!؟ چۆنە برات بیرکەوتۆتەوە؟



Scanned with CamScanner

ئیڤانی هەژار وەڵامی دایەوە:

- برا گیان، هاتووم هەندێ ئاردم بە قەرد بدەیتێ. بەڵێنت دەدەمێ زوو قەرزەکەت دەدەمەوە.

- زۆر باشە. ها، ئەم کاسە ئاردە ببە، بەڵام دەبێ پاشان بەرامبەر بەو کاسە ئاردە، فەردە ئاردێکم بدەیتەوە.

ئیڤانی هەژار گوتی:

- برا گیان، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ دەتەوێ بەرامبەر کاسە ئاردێك، یەك فەردە ئاردت بدەمەوە؟ پێت وا نییە ئەمە داخوازییەکی زۆرە؟

- ئەگەر تۆ پێت وایە زۆرە، ئیتر سەخڵەتم مەکە، برۆ دوای ئیشی خۆت. خوا لە جێگایەکی تر ڕزقت بدا!

ئیڤانی نەدار هیچ چارەی نەبوو. بە چاوی بە گریانەوە، کاسە ئاردەکەی وەرگرتو بەرەو ماڵ گەڕایەوە. بەڵام کە نزیك ماڵەوە بووەوە، هەڵیکردە بایەکی تەند. با وەکوو فرفرۆك لە دەوری ئیڤانی هەژار سووڕاو ئاردی ناو کاسەکەی بەو ناوەدا وەرکرد. کاسەکە تەنیا کەمێ ئاردی لە بندا مایەوە. ئیڤانی هەژار، بە ڕاستی تووڕە بوو، هاواری کرد:

- ئەی بای بەدفەڕ! بۆچی ئەو خراپەیەت لەگەڵ منداڵەکانم کرد؟ منداڵەکانم بە برسێتی دەمێننەوە. ڕاوەستە، با بتدۆزمەوەو دەستم بتگاتێ، بزانە لەسەر ئەم کارە کرێتە چۆن سزات دەدەم.

بەم جۆرە، ئیڤانی هەژار کەوتە شوێن با بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە. با ملی ڕێی گرتو ئیڤانی هەژار بە ڕاکردن کەوتە



Scanned with CamScanner

شوێنییەوە. با چووە ناو جەنگەڵو ئیڤانی هەژاریش کەوتە دوایەوە تا باکە گەیشتە دار بەڕوویەکی پیر. هێدی خۆی خزاندە ناو کلۆرایی دارەکە. ئیڤانی هەژار دیتیو ئەویش خۆی خزاندە ناو کلۆرایی دارەکە. کاتێ با ئیڤانی هەژاری لە تەك خۆیدا بینی، گوتی:

- جەناب، تۆ بۆچی تاقیبی من دەکەی؟

ئیڤانی هەژار وەڵامی دایەوە، گوتی:

- ئەگەر حەز دەکەی، پێت دەڵێم. خەریك بووم نەختێ ئاردم بۆ منداڵە برسییەکانم دەبردەوە، تۆ هاتیتە لامەوەو ئاردەکەت بە گۆڕێ وەرکرد. ئێستا بە چ ڕوویەك، بە دەست بەتاڵێ بگەڕێمەوە لای منداڵە برسییەکانم!؟

با گوتی:

- باشە، مادەم وایە، نارەحەت مەبە. ها ئەم سفرە جادووییە ببە! هەرچەندە خواردنت بوێ دەتداتێ.

ئیڤانی هەژار شادو خۆشحاڵ بوو. سوپاسی بای کردو بە پەلە گەڕایەوە ماڵێ.

هەر کە گەیشتەوە ماڵێ، یەکسەر سفرەکەی پان کردەوەو گوتی:

- ئەی سفرەی جادوویی، پڕ بە لە خواردنی خۆشو بەتامو سکمان تێر بکە.

ئیڤانی هەژار، هێشتا ئەم قسەیەی لە دەم نەهاتبووە دەرێ، سفرەکە پڕ خواردنی خۆشو بەتام بوو. ئیڤانو منداڵەکان تێرو پڕیان خواردو خەوتن.



Scanned with CamScanner

که سبەینە داهات، بۆ تێشت لەسەر سفرە دانیشتبوون، ئیڤانی دەوڵەمەند بە ژووری کەوت. کە سفرەی ڕەنگین‌و پڕ خواردنی بینی، تووڕە بووو هاواری کرد:

- برام، ئەوە چییە بە چاوی خۆم دەیبینم؟ نەکا لە پڕ سامانێکی زۆرت دەست کەوتبێ؟

ئیڤانی هەژار گوتی:

- ڕاستت دەوێ، وا نییە. هەر ئەوەتە خواردنێکی نەمرو نەژیمان هەیەو شوکری خوای لەسەر دەکەین. بە ڕاست، من فەردە ئاردێك قەرزاری تۆم. هەر ئێستا فەردە ئاردەکەت دەدەمەوە.

ئینجا ئیڤانی هەژار ڕووی کردە سفرەکەو گوتی:

- ئەی سفرەی جادوویی، فەردە ئاردێکم بدەرێ.

هێشتا قسەکەی لە دەم نەهاتبووە دەرێ، فەردە ئاردێکی گەورە لەسەر سفرە دەرکەوت.

ئیڤانی دەوڵەمەند، بێئەوەی هیچ قسە بکا، فەردەکەی هەڵگرت‌و بردییەوە ماڵێ. کە ڕۆژئاوا بوو، دووبارە هاتەوە دیدەنی برای‌و گوتی:

- برام! گیروگرفتێکم هەیە چارەسەری لە دەستی تۆدایە. توخوا یارمەتیم بدە. ئەمڕۆ هەندێ میوانی دەوڵەمەندم هاتوون. هیچم نییە لە پێشیان دابنێم. داوام لە تۆ ئەوەیە بۆ یەك دوو سەعات سفرەکەتم بە دەستیاو بدەیتێ.

ئیڤانی هەژار سفرەی جادوویی دایە برای. ئیڤانی دەوڵەمەند سفرەکەی بردو خواردنی دەرخوارد میوانەکانی دا. ئینجا سفرەی

جادوویی لە ناو دۆڵابێك شاردەوەو سفرەیەکی تری وەکوو سفرە جادووییەکەی برد، دایە برای و گوتی:

- برای ئازیزم سوپاست دەکەم کە سفرەکەت بە دەستیاو دامێ.

دوای ماوەیەك، ئیڤانی هەژارو منداڵەکانی لەسەر سفرە دانیشتن بۆ ئەوەی خواردن بخۆن. ئیڤانی هەژار سفرەی پان کردەوەو گوتی:

- ئەی سفرەی جادوویی، پڕ خواردنی خۆش و بەتام بە!

بەڵام هەر چەندە چاوەڕێیان کرد، هیچ خواردنی خۆش و بەتام دەرنەکەوت. ئیڤانی هەژار چووە ماڵی برای و گوتی:

- برام، چت لە سفرەکەی من کرد؟

ئیڤانی دەوڵەمەند گوتی:

- ئەوە تۆ باسی چ دەکەی؟ ئەدی سفرەکەتم نەدایتەوە؟

ئیڤانی هەژار کەوتە بن بارەکی غەمان و لە پڕمەی گریانی داو گەڕایەوە ماڵێ.

یەك دوو ڕۆژی پێچوو، منداڵەکانی ئیڤانی هەژار لە برسان دەستیان بە گریان کردو داوای خواردنیان لە باوکیان کرد. ئیڤانی هەژار، کە دیتی هیچی نییە بیدا بە منداڵە برسییەکانی، چاری ناچار بوو بچێتە ماڵی برای. ئەوە بوو دووبارە چووە ماڵی ئیڤانی دەوڵەمەندو گوتی:

- ڕۆژ باش، برام!

- ڕۆژ باش، عەجەب لەو ناوە دەرکەوتووی!

- منداڵەکانم برسین. لە برسان دەگرین. نەختێ ئارد، یان نانم بە قەرز بدەرێ؟



Scanned with CamScanner

ئیڤانی دەوڵەمەند گوتی:

- من نە ئاردم هەیەو نە نان! تەنیا یەك قاپە کەرەم هەیە. ئەگەر حەز دەکەی کەرەکە لەسەر بەرمیلی بەر دەرگایە، دەتوانی بۆ خۆت بیبەی بەڵام جارێکی تر نەیەیتەوە ئێرە!

ئیڤانی هەژار کەرەکەی هەلگرتو بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ. دونیا گەرم بوو، خۆر لە ئاسمان دەدرەوشایەوە. کەرەکە وردە وردە لەبەر تیشکی خۆر توایەوە. ئیڤانی هەژار زۆر تووڕە بوو، هاواری کرد:

- هۆ خۆری لەوجرِو گەمژەو بێمێشك! بۆچی ئەو خراپەیەت لەگەڵ منداڵەکانم کرد. ئەگەر دەستم بتگاتێ، هەقی خۆتت لە دەست دەنێم.

ئیڤانی هەژار ملی ڕێی گرتو چوو خۆر بدۆزیتەوەو سزای بدا.

خۆر هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ئیڤانی هەژاریش هەر بە دوایەوە بوو. تا بەرەبەری ڕۆژاوا، خۆر لە پەنا چیاکان بزر بوو، بەڵام ئیڤان دۆزییەوە. کاتێ خۆر ئیڤانی هەژاری لە تەك خۆیەوە بینی، گوتی: ئەوە بۆچی شوێنم کەوتووی؟

- ئەگەر حەز دەکەی بزانی، پێت دەڵێم. خەریك بووم کەرەم بۆ منداڵەکانم دەبردەوە. تۆی نەزان سەرو کەللەت دەرکەوتو ئەوەندە درەوشایتەوەو گەمەت لەگەڵ کەرەکە کرد تا کەرەکە هەمووی توایەوە. ئێستا بە چ ڕوویەك، بتوانم بە دەستی بەتاڵ بچمەوە لای منداڵە برسییەکانم؟!

خۆر گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئاخ!! واتە من نارەحەتم کردووی! مادەم وایە پارمەتیت دەدەم. ها، ئەم بزنە ببەو چرووی بدەرێ. ئەمە بزنێکی جادوویيە، لە باتی شیر، زێڕت دەداتێ.

ئیڤانی نەدار سوپاسی خۆری کرد. بزنەکەی وەرگرتو بردییەوە ماڵێ. چرووی دایە بزنەکە. ئینجا دۆشی. بزنەکە، وەکوو خۆر گوتبووی، لە باتی شیر، زێڕی شلی دەدا.

لەو ڕۆژە بە دواوە، ژیانی ئیڤانی هەژار بە تەواوی گۆڕا. منداڵەکانی ئیتر خواردنیان لە بڕان بوو.

کە ئیڤانی دەوڵەمەند بە بزنی جادوویی زانی، خێرا چووە دیدەنی برای‌و گوتی:

- برام، ڕۆژ باش!

- ڕۆژ باش، ئیڤانی دەوڵەمەند!!

- برام، گیروگرفتێکم هەیە تەنیا بە تۆ چارەسەر دەکرێ. خاوەن قەرز بۆ پارە هاتوونەتە سەرم‌و منیش یەك پوولی قەڵپم نییە. لە ڕێی خوا، یارمەتییەکم بدەو بۆ ماوەی یەك سەعات بزنەکەتم بە دەستیاو بدەرێ.

ئیڤانی هەژار گوتی:

- زۆر باشە. ئەوەتا بزنەکە، بیبە! بەڵام نەکەی بمخاپێنی!

ئیڤانی دەوڵەمەند بزنەکەی بردو چرووی دایێ‌و دۆشی‌و زێڕێکی زۆری هاتە دەست . ئینجا بزنەکەی لەناو هەلا بزنان شاردەوەو

بزنێکی ئاسایی دەق وەکوو بزنە جادووییەکەی بۆ برای بردەوە. کاتێ ئیڤانی هەژار چرووی دایە بزنەکەو دۆشی،

بزنەکە شیرێکی زۆری لە گوان هات بەڵام هیچ زێڕ دیارنەبوو. تەنانەت یەك توسقالە زێڕیشی نەدا. ئیڤانی هەژار تووڕە بوو. چووە ماڵی برایو مەسەلەکەی بۆ باس کرد، بەڵام ئیڤانی دەوڵەمەند هیچ گوێی بە قسەکانی نەدا، گوتی:

- من هایم لە شتی وا نییە. ئەو بزنەی دابووتە من، من ئەو بزنەم بۆ هێنایتەوە!

ئیڤانی هەژار، بە چاوی بە گریانەوە گەڕایەوە ماڵێ. ڕۆژ هاتو ڕۆژ چوو، حەفتە هاتو حەفتە چوو، منداڵەکانی دووبارە لە برسان دەستیان بە گریان کردو داوای خواردنیان کرد. زستان بوو، دونیا زۆر سارد بوو، ئیڤانی هەژار هیچی نەبوو سکی منداڵەکانی پێ تێر بکا. هیچ چارەی نەبوو ئەوە نەبێ دیسان ڕوو بکاتە ماڵی برای. کە برای بینی، پێی گوت:

- برام منداڵەکانم برسین، لە برسان زیڕو هۆڕیانە! هەندێ ئاردم بە قەرز بدەرێ!

- من نە ئاردم هەیەو نە نان! بەڵام هەندێ شۆربای کەلەمی بەرماوی دوێنێمان ماوە، دەتوانی بۆ منداڵەکانی خۆتی ببەیو دەرخواردیان بدەی.

ئیڤانی هەژار قاپە شۆرباکەی وەرگرتو بەرەو ماڵ بووەوە. دونیا زۆر سارد بوو. با هۆنەی دەکردو دونیا تا دەهات ساردو ساردتر دەبوو.



Scanned with CamScanner

سەرما یاری بە شۆرباکە کرد. یەکەم جار تفرە شەختەیەکی خستە سەر شۆربای کەلەم، ئینجا سەری بە هەندێ بەفر داپۆشیو ئاخیری هەموو شۆرباکەی کردە شەختە. ئیڤان زۆر تووڕە بوو، گوتی:

- ئەی سەرمای لەعنەتی! ئەی پیرەی لووت سوور! گۆنات گەستمو قاچت تەزاندم. خراپەت لەگەڵ منداڵەکانم کرد. ڕاوەستە با دەستم بتگاتێ، بزانە چۆن هەقی خۆتت لە دەست دەنێم.

ئیڤانی هەژار بە سەختی شوێنی کەوت. سەرما چووە ناو جەنگەڵو ئیڤانی هەژار هەر بە دوایەوە بوو. ئاخیری سەرما لە ژێر کەوییە بەفرێکی گەورە ڕاکشا. ئیڤان چوو لە تەنیشتی دانیشت.

سەرما سەری سووڕماو گوتی:

- ئەوە بۆچی شوێنم کەوتووی؟ چت لە من دەوێ؟

ئیڤانی هەژار وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر حەز بکەی بزانی، پێت دەڵێم:

خەریك بووم شۆربای کەلەمم بۆ منداڵە برسییەکانم دەبردەوە، تۆ دەستت بە چەتوونی کردو شۆرباکەمت کردە شەختە. ئێستا بە چ ڕوویەك، بە دەست بەتاڵی، بچمەوە ماڵێ؟ برام سفرەو بزنی جادوویی لێ سەندوومو تۆیش شۆربای کەلەمت لێ عەدم کردم!

- کەوابێ، باشە، شتەکە ئەوەندە گرنگ نییە! من قەرەبووی زیانەکەت دەکەمەوە. ئێستا کیسەی (دارکاریم بکە)ت دەدەمێ، تۆ هەر ئەوەندەیە بڵێ (دوو دانە لە ناو کیسە وەرنە دەرەوە!) یەکسەر دوو



Scanned with CamScanner

نەفەر دێنە دەرەوەو ئەگەر بڵێی (دوو دانەکە بڕۆنەوە ناو کیسە!) هەردووکیان دەچنەوە ناو کیسەکە.

ئیڤانی هەژار سوپاسی سەرمای کردو چووەوە ماڵێ. کە گەیشتەوە ماڵێ، کیسەکەی دەرهێناو گوتی: (دوو دانە لە ناو کیسە وەرنە دەرەوە!)

لە هیکڕا دوو نەفەری ملەستوور لەناو کیسەکە دەرپەڕینە دەرێو کەوتنە ویزەی ئیڤانی هەژارو تا ڕەپ ڕاوەستا دارکارییان کرد. ئینجا گوتیان:

- ئیڤانی دەوڵەمەند تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە. تۆ کەی ئاقڵ دەبی‌و وات لێ دێ بە برات هەڵنەخڵەتێی؟!

ئەوەندەیان دارکاری کرد، ئیڤانی بێچارە نەیتوانی هەناسەیش بدا. ئاخیری هاواری کرد:

- (دوو دانە بڕۆنەوە ناو کیسە!)

دەلحاز چوونەوە ناو کیسەکەو کپ‌و بێدەنگ بوون. هێشتا ڕۆژ ئاوانەببوو، ئیڤانی دەوڵەمەند هاتە ماڵی برای‌و گوتی:

- ئیڤانی هەژار، لە کوێ بووی؟ ئەم جارە چت هێناوەتەوە؟

- برام، چوومە لای سەرما. ئەویش کیسەیەکی جادوویی بە دیاری پێشکەش کردم. تەنیا ئەوەندە بەسە بڵێی (دوو دانە لە ناو کیسە وەرنە دەرەوە!) یەکسەر دوو نەفەر لەناو کیسەکە دێنە دەرەوەو هەر کارێکی پێویستت بێ دەیکەن. ئیڤانی دەوڵەمەند گوتی:

- برام، توخوا، بۆ ماوەی یەك ڕۆژ ئەم کیسەیەم بە دەستیاو بدەرێ.



Scanned with CamScanner

بانی خانووەکەم داکەوتووەو پێویستی بە چاك کردنەوە هەیە.

- زۆر باشە، ئەوەتا کیسەکە بیبە!

ئیڤانی دەوڵەمەند کیسەکەی وەرگرتو بردییەوە ماڵێ. دەرگای کلیل داو هاواری کرد: (دوو دانە لە ناو کیسە وەرنە دەرەوە!)

هێشتا قسەکەی بە تەواوی لە دەم نەهاتبووە دەرێ، دوو کەسی ملەستوور لەناو کیسەکە هاتنە دەرێ، دارکارییەکی باشیان کردو گوتیان:

- ئەو شتانەی لاتە هیچ هەقی تۆیان پێوە نییە. برۆ بزنەکەو سفرەکە بدەوە برات.

ئیڤانی دەوڵەمەند هەر رایکرد بۆ ماڵی برای. دوو نەفەرەکەیش دوو بە دووی دەرۆیشتنو لێیان دەدا. تا مر بوو دارکارییان کرد.

ئیڤانی دەوڵەمەند، بە پارە پاڕ گوتی:

- ئیڤانی هەژار، یارمەتیم بدە. نەجاتم بدە! بزنەکەو سفرەکەت دەدەمەوە.

ئیڤانی هەژار گوتی: (دوو دانەکە بڕۆنەوە ناو کیسە!)

یەکسەر هەردوو نەفەرەکە چوونەوە ناو کیسەکەو بە کپو بێدەنگی خۆیان لەناو کیسەکە کڕ کرد. ئیڤانی دەوڵەمەند بە لاکەلاك خۆی گەیاندەوە ماڵێو بزنەکەو سفرەی جادوویی برای دایەوە.

لەو ڕۆژە بە دواوە، ئیڤانی هەژار بە شادیو بەختەوەری لەگەڵ خانەوادەکەی ژیا.

* * *



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## (٤) گورگە بۆر

هەبوو نەبوو...

پاشایەك هەبوو، ناوی (بیریندی) بوو. ئەو پاشایە سێ کوڕی هەبوو، هەرە بچووکەکەیان ناوی (ئیڤان) بوو. پاشا باخێکی سێوی جوانی هەبوو، سێوی زێڕی دەگرت.

ڕۆژێ، پاشا هەستی کرد یەکێ دێتە ناو باخەکەی‌و سێوە زێڕەکانی دەدزێ. پاشا زۆر پێ تێك چوو. پاسەوانی ناردنە ناو باخ بۆ ئەوەی چاوەدێری سێوەکان بکەن، بەڵام پاسەوانەکان دزەکەیان پێنەگیرا. پاشا ئەوەندە عاجزو غەمبار بوو لە خەفەتان نە هیچی دەخواردو نە هیچی دەخواردەوە. کوڕەکانی هەوڵیان دا دڵی بدەنەوە، گوتیان:

- باوکە گیان، ناڕەحەت مەبە، ئێمە خۆمان چاوەدێریی سێوەکانی باخ دەکەین.

کوڕی گەورە گوتی:

- ئەمڕۆ با نۆبەتی من بێ، من دەچمە چاوەدێریی باخ.

چووە ناو باخ‌و ماوەیەك بە ناو باخدا گەڕا، کەسی نەدی. ئیتر لەسەر چیمەنی نەرم ڕاکشاو خەوی لێکەوت. بەیانی ڕۆژی پاشی، پاشا پێی گوت:

- کوڕم، چ خەبەری خۆشت بۆ من پێیە؟ ئایا پێکەوتی ئەو دزە کێیە؟



Scanned with CamScanner

- نەخێر باوکە گیان! سوێندت بۆ دەخۆم ئەوەی دز بێ نەهاتۆتە ناو باخ. شەو تا بەیانی نەنووستم، کەسم نەدی!

شەوی پاشی، نۆرەی کوڕی ناوەنجی بوو چاوەدێریی باخ بکا، بەڵام ئەویش خەوی لێکەوت.

بەیانی چووە لای باوکیو پێی گوت، هیچ کەسم نەدیوە.

ئێستا نۆرەی کوڕی گچکە بوو پاسەوانی بکا. ئیڤان چووە ناو باخی باوکی بەڵام زاتی نەکرد دابنیشێ، چ جای ئەوە درێژ ببێ. هەر جارەی کە پێڵووی قورس دەبوو، چاوی خۆی بە شەونم دەشووشتو خەوی دەڕەوییەوە. نیوەی شەو ڕۆیشت، لەناکاو ڕووناکییەکی گەش لەناو باخ دەرکەوت، ڕووناکییەکە هەر گەشترو گەشتر بوو تا هەموو شوێنێکی داگرت.

ئیڤان سەرنجێکی لە دەوروبەری خۆی دا. باڵندەیەکی ئاگرینی بینی دەنووکی لە سێوەکان دەدا. ئیڤان چووە سەر درەختەکەو کلکی باڵندەکەی گرت. باڵندەی ئاگرین خۆی لە دەست ڕاپسکاند، فڕیو ڕۆیشت بەڵام پەڕێکی کلکی لە ناو دەستی ئیڤاندا مایەوە.

کە سپێدەی دا، ئیڤان چووە خزمەت باوکی. پاشا گوتی:

- باشە، کوڕم دزەکەت گرت؟

- نەخێر باوکە پێم نەگیرا، بەڵام پێ کەوتم دزەکە کێیە. سەیر کە باوکە، ئەمە پەڕی دزەکەیە. باوکە گیان، دزەکە باڵندەیەکی ئاگرینە!

پاشا پەڕەکەی لە ئیڤان وەرگرت. لەوە بە دواوە، وەکوو جاران شادو خۆشحاڵ بوو. دەستی بە خواردنو خواردنەوە کردەوە. بەڵام



Scanned with CamScanner

ڕۆژێ، لەپڕ بیری باڵندەی ئاگرین لە سەری دا، بانگی کوڕەکانی کردو گوتی:

- ڕۆڵە ئازیزەکانم، دەمەوێ ئەسپتان زین کەن‌و بەم دونیا هەراوەدا سەفەر بکەن. ئەگەر بەم دونیایەدا بگەڕێن، لەوانەیە، بتوانن باڵندەی ئاگرین بدۆزنەوە.

کوڕەکان دەستی باوکیان ماچ کرد. ئەسپەکانیان زین کردو ڕۆیشتن. کوڕی گەورە چووە ڕێگای یەکەم‌و کوڕی ناوەنجی چووە ڕێگای دووەم‌و ئیڤانیش چووە ڕێگای سێیەم.

هاوین بوو، دونیا گەرم بوو. ئیڤان ماوەیەك ڕۆیشت، ماندوو بوو. لە سواری ئەسپ دابەزی. ئەسپەکەی بەستەوەو ڕاکشا بۆ ئەوەی نەختێ بحەسێتەوە.

کە بە ئاگا هات، دیتی ئەسپەکەی نەماوە. بە دوای ئەسپەکەیدا گەڕا. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنێ ئێسك‌و پروسکی ئەسپەکەی بەو ناوەدا بڵاوببووەوە. ئەسپەکە خورا بوو. ئیڤان زۆر پەست‌و غەمبار بوو. ئێستا چۆن بەبێ ئەسپ لە سەفەرەکەی بەردەوام بێ؟ لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:

- ئاخ! هیچ چارەم نییە!

بە پێ ملی ڕێگای گرت‌و ڕۆیشت، هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا شل‌و شەکەت بوو، لەسەر چیمەنێك دانیشت. زۆر ناڕەحەت‌و خەفەتخان بوو. لەناکاو دیتی گورگێکی بۆر بۆ لایەوە هات. گورگە بۆر گوتی:

- ئیڤان، بۆچی بە ناڕەحەتی‌و خەفەتخانی لێرە دانیشتووی؟



Scanned with CamScanner

- گورگە بۆر، نارەحەتی بۆ من نەبێ، بۆ کێ باشە. ئەسپەکەم لە دەست چووە، نازانم چ بکەم؟!

- من ئەسپی تۆم خواردووە. بەڵام بە ڕاستی پەشیمانم. زۆر بە داخەوەم. وەرە بۆم باس بکە لە دووریماڵەوە چ دەکەی؟ دەچیتە کوێ؟

- باوکم منی ڕەوانەی ئەم دونیا هەراوە کردوووە بۆ ئەوەی باڵندەی ئاگرینی بۆ پەیدا بکەم.

- تۆ، سێ ساڵی تریش بەو ئەسپە نەدەگەیشتیتە لای باڵندەی ئاگرین. من دەزانم باڵندەی ئاگرین لە کوێ دەژی. ئێستا مادەم ئەسپی تۆم خواردووە، دەبم بە خزمەتکاری دڵسۆزو وەفاداری تۆ. وەرە سواری پشتم بەو توند خۆت بگرە.

ئیڤان سواری پشتی گورگە بۆر بوو. هەردووکیان کەوتنە ڕێ. لە چەندەها دەریاچە تێپەڕینو چەندەها جەنگەڵی سەوزیان بڕی، گەیشتنە کۆشکێك. شوورەیەکی بڵندی هەبوو. گورگە بۆر گوتی:

- ئیڤان، بە وردی گوێ بگرە، چیت پێ دەڵێم وا بکە! لە بیرت نەچێ!. لە هیچ شتێ مەترسە! کاتێکی باش گەیشتین، هەموو پاسەوانەکان خەوتوون. ژوورێك لە سەر ئەم قۆنگرەو قەڵاتە هەیە، قەفەزێکی زێڕینی بە پەنجەرەدا هەڵواسراوە. باڵندەی ئاگرین لەناو ئەو قەفەسەدایە. باڵندەکە بێنەو لە ژێر جلت بیشارەوە، بەڵام وریا بە، دەست لە قەفەزەکە نەدی.



Scanned with CamScanner

ئیڤان چووە ئەو لای شوورەکەو قەفەزە زێڕەکەی بینی بە پەنچەرەدا هەڵواسراوە. باڵندەی ئاگرینی لەناو قەفەزەکە دەرهێناو لەبن جلی خۆی شاردییەوە، بەڵام دەستی لە قەفەزەکە بەرنەبوو. بە پەرۆشی، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئۆی قەفەزێکی زێڕی چەند جوانە! چۆن بتوانم لێرە جێی بێڵم!

ئیڤان قسەی گورگە بۆری هەر لە بیر نەما. هەر هێندە دەستی لە قەفەزەکە دا، دەنگە دەنگێکی زۆر لەناو کۆشکەکە پەیدا بوو. تەپڵو کەڕەنا لێدرا. پاسەوان بە خەبەر هاتنو ئیڤانیان گرتو بردیانە لای (ئەفران پاشا). ئەفران پاشا بە توورەیی پرسی:

- تۆ کێی؟و لێرە چ دەکەی؟

- من شازادە ئیڤانی کوڕی بیریندی پاشام.

پاشا هاواری کرد:

- ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات شازادە دزی بکا.

ئیڤان گوتی:

- ئاخر ئێوەش نەدەبوو ڕێ بدەن باڵندەکەتان سێوی باخی ئێمە بدزێ.

- ئەگەر تۆ بهاتبای‌و بە ڕاستگۆیی ئەم قسەیەت پێ گوتبام، بە ئارەزووی دڵی خۆم ئەم باڵندەیەم پێشکەش بە (بیریند)ی پاشای باوکت دەکرد. بەڵام ئێستا دونیا پڕ دەکەم لە باسی شەرمو شوورەیی خانەوادەکەتان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر چیت پێ دەڵێم بۆم بکەی، لێت خۆش دەبم:



Scanned with CamScanner

پاشایەك لە وڵاتێکی دوور دوور هەیە ناوی (کەسمان پاشا)یە. ئەسپێکی بژیی زێڕی هەیە. ئەو ئەسپەم بۆ بێنە، باڵندەی زێڕینت بە قەفەزەوە پێشکەش دەکەم.

ئیڤان زۆر ناڕەحەت بوو، گەڕایەوە لای گورگە بۆر. گورگە بۆر گوتی:

- ئەی پێم نەگوتی دەست لە قەفەزەکە نەدەی؟! بۆچی بە قسەت نەکردم؟

- ئەی گورگە بۆر، بە ڕاستی پەشیمانم!! بە داخەوەم!! دەبێ بمبووری.

گورگە بۆر گوتی:

- باشە، مادەم لە کردەوەکەت پەشیمان بوویتەوە، وەرە سواری پشتم بە. من قسەم بە تۆ داوەو دەبێ قسەکەم بێنمە جێ. پیاو ئەوەیە ساحێبی قسەی خۆی بێ!

ئیڤان سواری گورگە بۆر بووو کەوتنە رێ. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە کۆشکێك. ئەسپی بژی زێڕ لەو کۆشکەدا بوو.

گورگە بۆر گوتی:

- ئیڤان، ئێستا پاسەوانەکان لە خەودان. بە سەر دیوارەکە بکەوە. بڕۆ ئەسپی بژیی زێڕ لە ناو تەویلە ڕاکێشە دەرێو بیهێنە، بەڵام لە بیرت نەچێ دەست لە هەوسارەکەی نەدەی.

ئیڤان بە سەر دیواری کۆشك کەوت. هەموو پاسەوانەکان لە خەودا بوون. چووە تەویلە. ئەسپی بژیی زێڕی گرت بۆ ئەوەی بیهێنێ بەڵام دڵی کەوتە قرتو فرتو دەستی لە هەوسارەکە دا. هەوسارەکە زێڕ



Scanned with CamScanner

بوو، بە بەردی بەهادار ڕازابووەوە. بە ڕاستی هەر لەو جۆرە ئەسپە دەوەشایەوە.

هەر هێندە ئیڤان دەستی لە هەوساری ئەسپەکە دا، لەناو کۆشك بوو بە دەنگە دەنگ‌و هەراو زەنا. تەپڵ‌و کەڕەنا لێدرا. پاسەوانان بە خەبەر هاتن. ئیڤانیان گرت‌و بردیانە لای (کەسمان پاشا). پاشا بە تووڕەیی لێی پرسی:

- تۆ کێی؟و لێرە چ دەکەی؟

- من شازادە ئیڤانم.

- کوڕە پاشاو دزی؟! باوەڕ ناکەم. بە ڕاستی کارێکی کرێت‌و شوورەییە! تەنانەت لادێییەکی سادەیش شتی وا ناکا. ئەگەر چیت پێ دەڵێم بۆم بکەی، لێت خۆش دەبم.

(دلمات پاشا) هەیە، کچێکی هەیە ناوی (یەلینا)یە. یەلینا کچێکی تا بڵێی نازدارە. ئەو کچەم بۆ بڕفێنەو بۆم بێنە، ئەسپی بژیی زێڕو هەوسارەکەت پێشکەش دەکەم.

ئیڤان عاجزو غەمبارتر بوو، گەڕایەوە لای گورگە بۆر. گورگە بۆر هاواری کرد.

- ئەی پێم نەگوتی دەست لە هەوسارەکە مەدە! بۆچی بە قسەت نەکردم.؟!

- گورگە بۆر، پەشیمانم. بە داخەوەم، بمبوورە!

- داخ‌و پەشیمانی دەرمانی هیچ دەردێك ناکا. ئێستا وەرە، سواری پشتم بە!



Scanned with CamScanner

ئیڤان سواری پشتی گورگە بۆر بوو و کەوتنە ڕێ. پاش ماوەیەك گەیشتنە وڵاتی (دڵمات پاشا). یەلینای نازدار بە خۆو بە قەرەواش‌و کارەکەرەکانی لەناو باخی کۆشك پیاسەی دەکرد. گورگە بۆر گوتی:

- ئەم جارە هەموو ئیشەکە من خۆم دەیکەم. تۆ ڕێ‌و ڕێ بگەڕێوە، هەر ئێستا دەگەمەوە تۆ.

بەم جۆرە، ئیڤان ڕێ‌و ڕێ گەڕایەوە. گورگە بۆر بە سەر دیواردا ئاو دیو بوو بۆ ناو باخ. خۆی لە ژێر بنە تەڕاشێك شاردەوەو چاوەڕێی کرد. کە یەلینای نازدار لە هاوڕێکانی بە پاش کەوت، گورگە بۆر خۆی تێ ڕۆ کردو هاویشتییە سەر پشتی خۆی. بە سەر دیواردا بازی دایە دەرەوەو تێی تەقاند هەڵات.

ئیڤان بە ڕێگاوە بوو دەگەڕایەوە، لەناکاو چاوی بە گورگەبۆرو یەلینای نازدار کەوت، هەموو گیانی بوو بە خۆشی‌و شادی. گورگە بۆر گوتی:

- تۆیش سواری پشتم بە. خێرا، نەوەك دەگەنە سەرمان.

ئیڤان یەکسەر سواری پشتی گورگەبۆر بوو. بە ڕێگادا چوونە خوارێ. لە چەندین دەریاچە تێپەڕین‌و چەندین جەنگەڵی سەوزیان بڕی. پاش ماوەیەك گەیشتنەوە کۆشکی (کەسمان پاشا).

گورگە بۆر پرسی:

- شازادە ئیڤان، بۆچی بێدەنگ‌و غەمگینی؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

- گورگە بۆر، چۆن غەمگین نەبم؟ کە بیر دەکەمەوە دەبێ دەست لە یەلینای نازدار هەڵبگرم، ئاگرم لە دڵ بەردەبێ!



Scanned with CamScanner

گورگە بۆر گوتی:

- من خۆم دەخەمە سەر شكڵی یەلیناو تۆ لە جیاتی یەلینا من بۆ پاشا ببە.

ئەوە بوو یەلینایان لە ناو كووخێكی ناو جەنگەڵ شاردەوە. گورگە بۆر چەرخێكی لێداو یەكسەر كەوتە سەر شكڵی یەلینای نازدار.

شازادە ئیڤان بردییە لای پاشا. (كەسمان پاشا) زۆر شادو خۆشحاڵ بوو. سوپاسی كردو گوتی:

- ئیڤان، سوپاست دەكەم كە یەلینای نازدارت بۆ هێنام. ئێستا ئەسپی بژیی زێڕ بە هەوسارەكەوە هی تۆیە.

شازادە ئیڤان سواری ئەسپەكە بوو و گەڕایەوە لای یەلینا. سواری ئەسپی بژیی زێڕی كردو كەوتنە ڕێ.

كاسمان پاشا ئاهەنگێكی بە دەبدەبەی زەماوەندی سازداو خواردنێكی شاهانەی بەو عالەمە دا، بەڵام دوای ئاهەنگی زەماوەند، لەباتی ڕوخساری یەلینای نازدار، خۆی بەرامبەر لمووزی گورگە بۆرێك بینی. هەترەشی ڕژاو هەناسەی ڕاوەستا. گورگە بۆریش ئەو دەرفەتەی قۆزتەوەو ڕای كردو خۆی گەیاندەوە ئیڤان‌و لێی پرسی:

- ئیڤان بۆچی غەمگینی؟

- چۆن غەمگین نەبم؟! كە بیر دەكەمەوە دەبێ دەستبەرداری ئەسپی بژیی زێڕ بم، خەریكە دڵم شەق دەبا.

گورگە بۆر گوتی:

- ناڕەحەت مەبە. من یارمەتیت دەدەم.



Scanned with CamScanner

ئەوەندەی پێنەچوو گەیشتنە کۆشکی (ئەفران پاشا). گورگە بۆر گوتی:

- ئەسپی بژیی زێڕو یەلینا بشارەوە. من خۆم دەخەمە سەر شکڵی ئەسپی بژیی زێڕو تۆ بۆ پاشام ببە.

یەلینای نازدارو ئەسپی بژی زێڕیان لەناو جەنگەڵ شاردەوە. گورگە بۆر چەرخێکی لێداو بوو بە ئەسپێکی بژی زێڕ. شازادە ئیڤان بۆ (ئەفران پاشا)ی برد. پاشا شادو خۆشحاڵ بوو، باڵندەی ئاگرینی بە قەفەزەوە پێشکەش کرد.

شازادە ئیڤان گەڕایەوە ناو جەنگەڵ. یەلینای سواری ئەسپی بژیی زێڕ کردو باڵندەی ئاگرینو قەفەسەکەی بە ئەسپەکەوە هەڵواسیو بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ.

لەولاوەیش ئەسپی بژیی زێڕیان بۆ (ئەفران پاشا) برد. کە پاشا ویستی سواری ببێ، ئەسپی بژیی زێڕ بوو بە گورگێکی بۆر. پاشا ئەوەندە ترسا، لە ترسان تخێلی زەوی بوو، نەیتوانی هەستێتەوە. گورگەبۆریش تێی تەقاند هەڵاتو خۆی گەیاندەوە شازادە ئیڤانو گوتی:

- ئیتر دەبێ خودا خافیزیی لە یەك بکەین. من چیدی ناتوانم لەگەڵ تۆدا بێم.

شازادە ئیڤان لە سواری ئەسپ دابەزی. سێجار ئیکلامی بۆ گورگە بۆر کێشاو بەو پەڕی خاکەڕایی سوپاسی کرد.
گورگە بۆر گوتی:



Scanned with CamScanner

- بە یەکجاری خواحافیزیم لێ مەکە چونکە بۆی هەیە جارێکی تریش پێویستت بە یارمەتی من ببێ.

شازادە ئیڤان گوتی:

- بۆ دەبێ پێویستم بە یارمەتی تۆ ببێ؟ ئێستا ئەوە بە هەموو ئارەزووەکانم گەیشتووم.

سواری ئەسپی بژیی زێڕ بوو و لەگەڵ یەلینای نازدارو باڵندەی ئاگرین کەوتە ڕێ. دوای ماوەیەک گەیشتەوە وڵاتی خۆیان. شازادە ئیڤان بڕیاری دا بۆ نان خواردن بوەستێ. نەختێ نانی پێ بوو. نانەکەیان خواردو ئاوی سازگاریان لە کانی خواردەوەو ڕاکشان بۆ ئەوەی پشوویەک بدەن. هەر هێندە شازادە ئیڤان خەوی لێکەوت، براکانی گەیشتنە ئەوێ. ئەوانیش بۆ دۆزینەوەی باڵندەی ئاگرین چووبوونە وڵاتانی ترو خەریک بوون بە دەست بەتاڵی دەگەڕانەوە. کە دیتیان شازادە ئیڤانی برایان هەموو شتێکی بە دەست هێناوە، لە بەینی خۆیانەوە گوتیان:

- وەرن، براکەمان بکوژین‌و دەست بە سەر هەموو سامانەکەی دابگرین.

ئینجا شازادە ئیڤانیان کوشت. سواری ئەسپی بژیی زێڕ بوون‌و باڵندەی ئاگرینیان هەڵگرت‌و یەلینای نازداریان سواری ئەسپێک کردو گوتیان:

- نەکەی ئەوەی دیوتە، لە کۆشک هیچی بە باوکمان بڵێی؟ ها؟



Scanned with CamScanner

شازادە ئیڤانیان فڕێ دایە سەر زەوی‌و ڕۆیشتن. قەلەڕەش بە سەر سەریدا دەسووڕانەوە. لەناکاو گورگە بۆر پەیدا بوو. قەلەڕەشێك‌و بێچووەکەی گرت‌و گوتی:

- ئەی قەلەڕەش، بڕۆ ئاوی حەیاتم بۆ بێنە. ئەگەر ئەم ئیشەم بۆ بکەی بێچووەکەت ئازاد دەکەم.

قەلەڕەشەکە فڕی‌و ڕۆیشت، هیچ چارەی تری نەبوو چونکە گورگە بۆر بێچوەکەی بە دیل لای خۆی گل دابووەوە. ماوەیەك پێ‌چوو، قەلەڕەش هاتەوەو ئاوی حەیاتی هێنا. گورگە بۆر ئاوی حەیاتی بە سەر برینەکانی ئیڤان داکرد. برینەکانی ساڕێژ بوون. ئینجا ئاوی حەیاتی بە هەموو لەشیدا کردو ئیڤان دووبارە ڕۆحی کەوتەوە بەرو گوتی:

- ئاخ! خەوێکی چەند قووڵم لێ کەوتبوو!

گورگە بۆر گوتی:

- بەڵێ! خەوێك بوو، ڕەنگە هەرگیز لەو خەوە بە ئاگا نەهاتبای. براکانت تۆیان کوشت‌و هەموو سامانەکەیان بردی. زوو کە، سواری پشتم بە!

ئیڤان و گورگە بۆر کەوتنە شوێن دوو براکەی ئیڤان‌و هەر زوو پێیان گەیشتن. گورگە بۆر پارچە پارچەی کردن‌و بە ناو زەوی‌و زاری وەرکردن. شازادە ئیڤان سوپاسی گورگە بۆری کردو بە یەکجاری خودا حافیزی لێکردو سواری ئەسپی بژیی زێڕ بوو و گەڕایەوە کۆشك.



Scanned with CamScanner

باوکی بە دیدەنی ئیڤان زۆر شادو خۆشحاڵ بوو. شازادە ئیڤان بۆ باوکی باس کرد چۆن گورگە بۆر هاوکاریی کردو چۆن کاتێ خەوتبوو، براکانی کوشتیانو چۆن پاشان گورگە بۆر زیندوویی کردەوەو براکانی پارچە پارچە کرد.

(بیریندی پاشا) یەکەم جار عاجز بوو، بەڵام هەر زوو هەموو شتێکی لە بیر کرد. شازادە ئیڤان زەماوەندی لەگەڵ یەلینای نازدار کردو ساڵەهای ساڵی بە شادیو خۆشی لەگەڵ یەکتر ژیان.

* * *



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ٥- سێوی سوورو قاپی زیوین.

هەبوو نەبوو...

بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو. پێش چەندەها ساڵ، ژنو مێردێکی پیر هەبوون. سێ کچیان هەبوو. دوو کچی گەورەترێ، هەمیشە حەزیان دەکرد جلی جۆراوجۆر لەبەر بکەنو یاری بکەنو شادو بە کەیف بن، بەڵام کچە بچووکەکە لە هەموو ڕوویەکەوە هێمنو شەرمن بوو. کچە گەورەکان جلی گوڵ گوڵی گەشیان لەبەر دەکردو پێڵاوی پانی بەرزو ڕەنگاوڕەنگیان لەپێ دەکرد، بەڵام (ماشا) هەرچەندە چاوەکانی گەش بوون، بەڵام جلی ڕەشو تار بوو. تەنیا یەك شتی جوانی هەبوو. کەزیی درێژو زێڕین بوو. کاتێ کە دەڕۆیشت قژی بە سەر گوڵاندا دەخشا.

کچە گەورەکان تەمبەڵو تەوەزەل بوون، هیچ ئیشیان نەدەکرد، لە گۆشەیەکیماڵەوە دادەنیشتنو قسەیان دەکرد، کەچی ماشا لە سبەینێ تا ئێوارێ، لە ماڵو لە ناو باخو لە سەر زەوی ئیشی دەکرد. باخچەی بژار دەکرد، گزرەی بۆ ئاگردان دەکرد، مانگای دەدۆشیو دانی دەدایە مراوییەکان. داوای هەر شتێکیان لێ بکردایە، خێرا، هەیپەی لێدەکردو دەچوو دەیهێنا. هەمیشە ئامادە بوو لە باتی هەموویان ئیش بکا. خوشکەکانی بەردەوام ئەمریان پێ دەکرد: وا بکەو وا مەکە!



Scanned with CamScanner

ناچاریان دەکرد ئیشیان لە باتی بکا. ئەویش ئیشەکانی دەکردو هیچ نارەزایی دەرنەدەبڕی.

ماوەیەك بەم جۆرە تێپەڕی. ڕۆژێ، پیرەمێرد خۆی ئامادە کرد هەندێ وێنجە بباتە بازاڕو بیفرۆشێ. بەڵێنی دا یەکەو دیاری بۆ کچەکانی بکڕێ.

کچی یەکەم گوتی:

- باوکە، قوماشێکی ئاوریشمی شینم بۆ بکڕە.

کچی دووەم گوتی:

- قوماشێکی مەخمەڵی سوورم بۆ بکڕە.

بەڵام ماشا هیچی نەگوت:

پیرەمێرد سکی بە ماشا سووتاو پرسی:

- ماشا، کچم، ئەی چ بۆ تۆ بکڕم؟

ماشا وەڵامی دایەوە:

- باوکە گیان! من حەز دەکەم سێوێکی سوورو قاپێکی زیوینم هەبێ!

خوشکەکانی ماشا کە گوێیان لەم قسەیە بوو، لە قاقای پێکەنینیان دا، وەخت بوو لە پێکەنینیان بپچڕێن. ئەوسا هاواریان کرد:

- ماشا، بە ڕاستی تۆ گەمژەیەکی بچکۆڵەی! سەیرە! خۆمان یەك باخی سێومان هەیە، دەتوانی دڵت هەر سێوێکی گرت بۆ خۆت لێی بکەیتەوە. جگە لەوەیش، تۆ قاپت بۆ چییە؟ بۆ ئەوەت نەبێ دانی پێ بدەیتە فەرخە مراوییان؟

ماشا گوتی:



Scanned with CamScanner

- نا، خوشکە ئازیزەکانم! سێوەکە لە سەر قاپەکە دەخولێنمەوەو ویردی لێ دەخوێنم. جارێکیان چاکەیەکم لەگەڵ پیرەژنێك کرد. پیرەژنەکە بەرامبەر بەوە ئەو ویردانەی فێر کردم.

دوو خوشکەکەی تر، کە ئەم قسەیەیان بیست، زیاتر پێکەنین.

پیرەمێرد ڕووی تێکردن‌و گوتی:

- بەسسی کەن! ڕێ نادەم بە خوشکتان پێبکەنن‌و گاڵتەی پێ بکەن. چی دیاریتان داوا کردووە، بۆتان دێنم.

پیرەمێرد چووە بازاڕ. یۆنجەی فرۆشت‌و دیاری بۆ هەر سێ کچەکەی کڕی: پارچە قوماشیکی ئاوریشمی شینی بۆ کچی گەورەی کڕی‌و پارچە مەخمەڵێکی سووری بۆ کچی ناوەنجی‌و سێوێکی سوورو قاپێکی زیوینیشی بۆ ماشا کڕی.

دوو خوشکە گەورەکە، کە چاویان بە دیارییەکانیان کەوت، لە خەنی خۆشییان لە پێستی خۆیان نەدەحەوانەوە. یەکسەر دەستیان بە دروست کردنی جلەکانیان کرد. گاڵتەیان خستە سەر ماشاو گوتیان:

- گەوجی بچکۆڵە! ئێستا دەست دە سێوەکەو لەوێ دانیشە!

ماشا خۆی خزاندە گۆشەیەکی کووخەکەو سێوی سووری لەسەر قاپەکە خولاندەوەو دەستی بە گۆرانی گوتن‌و ویرد خوێندن کرد:

- ئەی سێوی سوور، بخولێوە، بخولێوە! شارو جەنگەڵ‌و دەریاو چیای سەرکەش‌و دەریای گەورەم نیشان بدە.

لەناکاو دەنگی زەنگێك هات‌و تیشکێك سەراپای ژووری ڕووناك کردەوە. سێوی سوور لەسەر قاپەکە خولایەوەو شارو گەڵی‌و چیاو



Scanned with CamScanner

گردو سەربازی لە سەر دەرکەوت. خۆری پڕشنگدار، لە ئاسماندا شوێن مانگی ڕەنگ بزرکاو کەوتبووو ئەستێرەکان ئەڵقەیان بەستبوو خەریکی شاییو هەڵپەڕکێ بوون، قوو لە سەر دەریاچەکان گۆرانییان دەچڕی.

خوشکەکانی ماشا، بە سەرسامی سەیریان دەکردو چرکە بە چرکە زیاتر ئیرەییان پێدەبرد، هەموو بیرو مێشکیان لەسەر ئەوە بوو چۆن سێوی سوورو قاپی زیوین لە دەست ماشا دەربێنن!

ماشا هەموو ڕۆژێ یاری بە سێوی سوورو قاپی زیوین دەکرد. ڕۆژێ، خوشکەکانی ویستیان تەفرەی بدەنو بیبەنە جەنگەڵ. ئیتر بە ماشایان گوت:

- خوشکە گیان! وەرە بچینە جەنگەڵو تمشك بۆ دادەو بابە بێنین.

ماشا ڕازی بوو. چوونە ناو جەنگەڵ. بەڵام تمشك لە هیچ شوێنێ نەبوو. ماشا قاپی زیوینی دەرهێناو سێوی سووری لەسەر خولاندەوەو بە گۆرانی گوتی:

- ئەی سێوی سوور، بخولێوە، بخولێوەو پێم نیشان دە تمشك لە کوێ دەڕوێو گوڵی شین لە کوێ شکۆفە دەکا!

لە ناکاو دەنگی زەنگێك هاتو سێوی سوور لەسەر قاپەکە خولایەوەو جەنگەڵو هەموو شوێنە نهێنییەکانی ئاشکرا بوو، شوێنی تمشكو گوڵی شینو قارچكو کانیو ڕووبارەکان بە ڕوونی دەرکەوت.

دوو خوشکی گەورەترێ سەیری ماشایان کردو دڵیان لە حەسوودییان گڕی گرت. چیتر خۆیان پێ ڕانەگیرا. دەستیان دایە دارو وەرگەڕانە



Scanned with CamScanner

ماشا، ئەوەندەیان لێدا تا کوشتیان. ئینجا لە ژێر دار ئەرژەنەکێك شاردیانەوە. سێوی سوورو قاپی زیوینیان هەلگرتو بەرەو ماڵ بوونەوە. بەرەبەری ڕۆژاوا بە چەند سەبەتە قارچكو تمشكێك گەڕانەوە ماڵێو بە دایبابیان گوت:

- ماشا ڕایکردو لەناو جەنگەڵ بزربوو. هەموو شوێنێکی بە دوادا گەڕاین نەماندۆزییەوە. بێ شك گورگ لە ناو جەنگەڵ پارچە پارچەیان کردووە.

دایکە لە هۆڕژنی گریانی دا. باوکە گوتی:

- سێوی سوور لەسەر قاپی زیوین بخولێننەوە، بەڵکو نیشانمان بدا ماشا لە کوێیە!

خوشکەکان لە ترسان ڕەنگیان لە ڕوودا نەما. بەلام هیچ چارەیان نەبوو، ناچار بوون فەرمانی باوکیان جێبەجێ بکەن. ویستیان سێوی سوور لەسەر قاپەکە بخولێننەوە بەلام سێوەکە نەجولایەوەو هیچی لە سەر دەرنەکەوت. نە جەنگەڵو نە زەویو زارو نە چیاو نە دەشتو نە ئاسمانی شین.

لە هەمان کاتدا، لەولاوە شوانێکی گەنج مەڕێکی ئاوگەلە ببوو، بە دوای مەڕەکەدا دەگەڕا، گەیشتە دار ئەرژنەکی سپی. گوڵی شین لە دەوری درەختەکە ڕوابوونو قامیشی باریكو بڵند سەریان لەناو گوڵەکان قیت کردبووەوە. شوانەکە قامیشێکی بڕییەوەو شمشاڵێکی لێ دروست کرد. کە شمشاڵەکەی لەسەر لێوی دانا، شمشاڵەکە لە خۆیەوە دەستی بە لێدانو گۆرانی گوتن کرد:



Scanned with CamScanner

- ئەی شمشاڵ، گۆرانی خۆش بۆ ئەم شوانە بچڕە بۆ ئەوەی گوێی بداتێو شادو خۆشحاڵ ببێ. بەڵێ، من کچێکی بێچارەم! بە داخەوە بۆ سێوێکی سوورو قاپێکی زیوین منیان کوشت.

شوانەکە زەندەقی چوو. یەکسەر چووەوە دێو ڕووداوەکەی بۆ هەموو عالەم گێڕایەوە. هەموو کۆبوونەوە بۆ ئەوەی گوێ بدەنە گۆرانی شمشاڵەکە. کە گوێیان لە گۆرانییەکە بوو، هەموو ترسان.

باوکی ماشا خێرا خۆی گەیاندە لایانەوە. کە شمشاڵەکەی بڵند کرد، شمشاڵەکە لە خۆیەوە دەستی بە گۆرانی کرد:

- شمشاڵەکە، تێ بتووڕێنە. ئاوازێکی خۆش بۆ باوکم لێدە. با گوێی لێ بێ. ئای لە منی بێچارە! بۆ سێوێکی سوورو قاپێکی زیوین کوشتمیان.

باوکە گریاو گوتی:

- شوانەکە! ئەو شوێنەم نیشان بدە کە ئەم قامیشەت لێ بڕیوەتەوە.

شوانەکە کابرای بردە ناو جەرگەی جەنگەڵ. گوڵی شین لە بن دار ئەرژەنەکەکە ڕوابوونو سینە سوور لەسەر چڵەکانی هەڵنیشتبوونو گۆرانیان دەگوت. شوێنەکەیان هەڵکەندو جەنازەی بێ گیانی ماشایان دۆزییەوە، بەڵام لە جاران جوانتر بوو. ئەو کچە داماوە دەتگوت خەوتووە. سەر گۆناکانی پڕ گوڵی سوور بوو. شمشاڵەکە دەستی بە لێدانو گۆرانی گوتن کرد:

- ئەی شمشاڵ، گۆرانی شادو غەمگین بچڕە. باوکە، گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم. خوشکەکانم منیان بردە جەنگەڵو لەوێ کوشتمیان. ئەی شمشاڵ، گۆرانی بڵێ، گۆرانی بڵێ. گۆرانی شادو غەمگین بڵێ. باوکە

گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم. ئەگەر دەتەوێ بە سپو ساغو زیندوویی بمبینی، ئاوی حەیاتم لە بیری پاشا بۆ بێنە.

خوشکە دڵڕەشەکانی ماشا کە گوێیان لەم قسانە بوو. لەرزیان پێداهاتو ڕەنگیان لە ڕوودا نەما. کەوتنە سەر چۆكو دانیان بە تاوانی خۆیاندا نا. کۆتو زنجیریان لەپێ کردنو بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی پاشا فڕێیان دانە ناو کونەڕەش.

پیرەمێرد ڕووی کردە شاری پاشا بۆ ئەوەی ئاوی حەیات بێنێ. پاش ماوەیەك، گەیشتە شاری پاشا. چووە کۆشکی پاشا. لەو کاتەدا، پاشا لە هەیوانی زێڕین دەهاتە خوارێ. پیرەمێرد چۆکی داداو هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. پاشا گوتی:

- ئەی پیرەمێرد، دەتوانی ئاوی حەیات لە بیری من ببەیو هەر کاتێ کچەکەت زیندوو بووەوە، لەگەڵ ئەو دوو خوشکە مارانییەی بیهێنە لامو لە بیرت نەچێ پێی بڵێ سێوی زێڕو قاپی زیوینیش لەگەڵ خۆی بێنێ.

پیرەمێرد زۆر شادومان بوو. چەند جار سوپاسی پاشای کرد. گۆزە ئاوێکی حەیاتی هێناو هاتەوەماڵێ.

کە ئاوی حەیاتی بە سەر ماشادا پرژاند، ماشا دووبارە ژیانی هاتەوە بەرو وەك کۆتر، عاشقانە باوکی گرتە باوەش! خەڵك لە هەموو لایەکەوە بە راکە راك هاتنو دڵی خۆیان بە بینینی ماشا شاد کرد.

پیرەمێرد بە خۆو بە هەر سێ کچەوە ڕووی کردە شاری پاشا. بە وەختەوە گەیشتنە ئەوێو بردییانە ناو کۆشك. پاشا هاتە ژوورەوەو



Scanned with CamScanner

سەرنجێکی لە ماشا دا. ماشا ئەوەندە جوان بوو لات وایە گوڵی بەهارە. چاوی وەکوو خۆر ئاورینگی دەهاویشتو دەموچاوی وەکوو ئاسمانی سپێدە دەم وا بووو فرمێسکی سەر گۆناکانی دەتگوت مرواری نایابە.

پاشا لە ماشای پرسی:

- کوا سێوی سوورو قاپی زیوین؟

ماشا دەری هێنانو سێوی سووری لە سەر قاپی زیوین خولاندەوە.

لەناکاو دەنگی زەنگێك هاتو شارو وڵات، یەك لە دوای یەك لە سەر قاپەکە دەرکەوتن. هێزی سوپا بە بەیداخی شەکاوەوە ڕژانە ناو شارانو بە ڕیز وەستان. فەرماندەکان بەرامبەر ڕیزەکان وەستانو تۆپو تفەنگیان تەقاندو چرەدووکەڵێك بەری ئاسمانی گرت. دووکەڵەکە ئەوەندە چڕ بوو، دیمەنی شەڕگەیان لەبەر چاو دیار نەبوو. دەتگوت ئەو ڕۆژە بووە بە شەو.

سێوی سوور لە سەر قاپی زیوین خولایەوەو دەریا بە شەپۆلی گەورە گەورە دەرکەوت. کەشتی وەکوو قوو لەسەر ڕووی ئاو مەلەیان دەکرد،

سێوی سوور لە سەر قاپی زیوین خولایەوەو ئاسمانی جوان لە سەر قاپەکە دەرکەوت. خۆری درەوشاوە بە سەر هیلالی ڕەنگ پەریوی مانگدا تێپەڕی. ئەستێرە بە ئەڵقە سەمایان دەکردو باڵندە لە ئاسمان گۆرانییان دەگوت.

پاشا بە دیتنی ئەم دیمەنە عەجێبگرتی ما. بەڵام ماشا هەر دەگریاو گریانی ڕانەدەوەستا. ڕووی کردە پاشاو گوتی:



Scanned with CamScanner

- سێوی سوورو قاپی زیوینی من بۆ خۆت ببە. تەنیا ئەوەندە هەیە لە خوشکەکانم خۆش بەو بۆ خاتری من مەیانکوژە.

پاشا گوتی:

- قاپەکەت لە زیو دروست کراوە بەڵام خۆت دڵت زێڕە. ئایا ڕازی دەبی ببی بە هاوسەری منو شاژنی ئەم وڵاتە؟ بۆ خاتری تۆ لە خوشکەکانت خۆش دەبم.

ماشا پڕ بە دڵ قبووڵی کرد. ئاهەنگێکی بە تەنتەنە ساز درا. ماشا زەماوەندی لەگەڵ پاشا کردو تا دوامێنی عومریان بە شادیو خۆشی لەگەڵ یەکتر ژیان.

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ٦- ئاندرێی نیشانەشکێن

هەبوو نەبوو...

لە ڕۆژگاری کۆن، پاشایەك هەبوو، ڕەبەن بوو، واتە ژنی نەهێنابوو، نیشانەشکێنێکی لە خزمەتدا بوو ناوی (ئاندرێ) بوو.

ڕۆژێ، نیشانەشکێن چووە ڕاو. ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ بە ناو جەنگەڵدا گەڕا، هیچ نێچیری نەدۆزییەوە. درەنگ داهات، ئاندرێ ئەوەندە شەکەتو بێ تاقەت بوو ڕێگای ماڵەوەی بزر کرد. لە ناکاو قومرییەکی دی لەسەر درەختێك نیشتبوو. ئاندرێ لە دڵی خۆیدا گوتی:

- وا چاکە ئەو قوومرییە بکوژم.

تیری لەبەر کەوان ناو نیشانەی لە قومرییەکە گرتو هاویشتی. قومری لە سەر درەختەکە بەربووەوە سەر عەردی تەڕ. ئاندرێ هەڵیگرتەوە بەڵام کە ویستی سەری ببڕێو لەناو هەگبەکەی بنێ، قومری بە قسە هاتو گوتی:

- ئەی نیشانەشکێن، مەمکوژە! سەری بێچارەم لە لەش جودا مەکەوە. بە زیندوویی بمبەوە ماڵێو لە تەك پەنچەرە دامبنێ. لە بیرت بێ هەر کاتێ ویستم بخەوم، بە دەستی ڕاستەت زللەیەکم لە بنا گوێ بدە، سامانێکی زۆرت بە نسیب دەبێ.

ئاندرێ باوەڕی نەکرد. لە دڵی خۆیدا گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەمە چییە؟ ئەم باڵندەیە وەکوو هەر باڵندەیەکی تر وایە، کەچی وەکوو مرۆڤ قسە دەکا.

ئاندرێ قومرییەکەی بردەوە ماڵێو لە سەر لیوی پەنجەرەی داناو چاوەڕێی کرد. دوای ماوەیەك قومری سەری لە بن باڵی ناو نووست. ئاندرێ قسەی قومری هەر لە بیر بوو، بە دەستی ڕاستە زللەیەکی لە بناگوێی قومرییەکە دا. قومری بەربووەوە سەر زەوی. گۆڕاو بوو بە شازادە خانمی ماریا. سوور گوڵ لە دیار جوانی شەرمەزار دەبوو.

شازادە خانمی ماریا ڕووی کردە نیشانەشکێنو گوتی:

- تۆ منت خستە داوی خۆتەوە، ئێستایش دەبێ بۆ خۆت هەڵمبگری. زەماوەندم لەگەڵ بکە، هەوڵ دەدەم ژنێکی باشو وەفادار بم!

بەم جۆرە ئاندرێ زەماوەندی لەگەڵ شازادە خانمی ماریا کرد. بە یەکەوە بە بەختەوەری دەژیان، ئاندرێ هەرگیز لە ئەرکی خۆی غافڵ نەدەبوو. هەموو ڕۆژێ پێش ڕۆژهەڵات، دەچووە ناو جەنگەڵ، باڵندەی ڕاو دەکردو بۆ ماریای دەهێنایەوە. ماوەیەك بەم شێوەیە ڕۆیشت تا ڕۆژێ ماریا گوتی:

- ئاندرێ، منو تۆ زۆر هەژارو دەست کورتین.

ئاندرێ وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، بە داخەوە هەژارو دەستکورتین.

ماریا گوتی:

- ئەگەر سەد لیرە قەرز بکەیتو بۆم بە ئاوریشم بدەی، دڵنیام ژیانمان باشتر دەبێ.



Scanned with CamScanner

ئاندرێ چووە لای برادەرەکانی لیرەیەکی لەو لیرەیەکی لەو قەرز کرد تا سەد لیرەی پێکەوە ناو بە ئاوریشمی داو بۆ هاوسەرەکەی هێنا.

ماریا ئاوریشمەکەی وەرگرت و گوتی:

- ئێستا بڕۆ بخەوە!

ئاندرێ چووە ناو جێو نووست. شازادە خانم دانیشت و دەستی بە چنین کرد. بە درێژایی شەو ئیشی کردو خالیچەیەکی بێ وێنەی دروست کرد. خالیچەکە وێنەی هەموو وڵات و گوندو جەنگەڵ و زەوی و باڵندەی ئاسمان و درندەو ماسی و مانگ و خۆری تێدا بوو، خۆرەکە بە سەر هەموویاندا دەدرەوشایەوە.

کە سبەینە داهات، ماریا خالیچەکەی دایە مێردەکەی و گوتی:

- ئەم خالیچەیە ببە بازاڕ، بیفرۆشە. بەڵام هیچ نرخی لە سەر دامەنێ. چەندیان پێدا، ڕازی بە!

ئاندرێ خالیچەکەی وەرگرت و خستییە سەر شانی و چووە بازاڕ. دوای ماوەیەک تووشی بازرگانێك هات. بازرگانەکە گوتی:

- جەناب ئەم خالیچە بە چەند دەدەی؟

ئاندرێ گوتی:

- تۆ بازرگانی. خۆت نرخەکەی بڵێ.

بازرگانکە بیری کردەوە، بەڵام نەیتوانی نرخ بۆ خالیچەکە دابنێ. بازرگانێکی تر هات و دوای ئەویش بازرگانێکی ترو هەر زوو بازرگانێکی زۆر کۆبوونەوە. هەموو تەماشای خالیچەکەیان کردو واقیان لە دیار ورما بەڵام هیچێکیان نەیتوانی نرخێکی لە سەر دابنێ.



Scanned with CamScanner

لەو کاتەدا، ڕاوێژکاری پاشا بەوێدا تێدەپەڕی، سەری لەو ئاپۆڕەیە سوڕما. لە گالیسکە دابەزیو دڕی بە ئاپۆڕەی خەڵکەکە داو گوتی:

- سڵاو! بازرگانە خۆشەویستەکان! ئەوە چ هەیە لێرە؟

گوتیان:

- ئەم خالیچەیەیە، ناتوانین هیچ نرخێکی لە سەر دابنێین.

ڕاوێژکاری پاشا، کە چاوی بە خالیچەکە کەوت، واقی وڕماو گوتی:

- کاکی نیشانەشکێن، ڕاستیم پێ بڵێ، ئەم خالیچە بێ وێنەیەت لە کوێ هێناوە؟

نیشانە شکێن وەڵامی:

- هاوسەرەکەم چنیویەتی.

- بە چ نرخێکی دەدەی؟

- نازانم. هاوسەرەکەم پێی گوتم: هەر چەندیان پارە پێدا، بیدە.

- ئەی نیشانە شکێن، من ئامادەم بە دە هەزار لیرە بیکڕم.

ئاندرێ پارەکەی وەرگرتو خالیچەکەی دایە ڕاوێژکاری پاشاو گەڕایەوە ماڵێ. ڕاوێژکاری پاشا چووە کۆشكو خالیچەکەی نیشانی پاشا دا. پاشا سەرنجێکی لێداو سەری سووڕما. چونکە سەرانسەری ولاتی خۆی لەبەر چاو بوو. پاشا ئەوەندە وروژا، هەناسەی ڕاوەستا، گوتی:

- هەرچەندەی بتەوێ، دەتدەمێ، بەڵام ئەم خالیچەیەت نادەمەوە. پاشا بیست هەزار لیرەی دایە ڕاوێژکارەکەی. ڕاوێژکارەکە پارەکەی وەرگرتو لە دڵی خۆیدا گوتی:



Scanned with CamScanner

- گرنگ نییه، وا دەکەم یەکێکی لەوە باشترم بۆ بچنیٚ.

دیسان سواری گالیسکەکەی بوو و چووە بازاڕ، کووخی نیشانەشکێنی دۆزییەوەو لە دەرگای دا. ماریا دەرگای کردەوە. ڕاوێژکاری پاشا پێیەکی لە دەرگا ئاودیو کرد، پێیەکەی تری دەتگوت لە زەوی ختم بووە. زمانی گیراو لە بیری نەما بۆچی هاتووە. ژنێکی جوانی لەبەردەم وەستا بوو، کەس ژنی وا جوانی لە دونیادا نەدیوە. ماریا چاوەڕێی کرد ڕاوێژکار قسەیەك بکا، بەلاّم ڕاوێژکار هیچ قسەی نەکرد. ماریا پالّی پێوەنا بۆ دەرەوەو دەرگای لە ڕوو داخست. دوای ماوەیەك، ڕاوێژکاری پاشا هاتەوە سەرخۆ، ڕووی کردەوە مالیٚ، بەلاّم لەو ڕۆژە بە دواوە، نە هیچی خواردو نە هیچی خواردەوە. کە پاشا هەستی کرد ڕاوێژکارەکەی وەزعی تەواو نییە، لێی پرسی:

- ئایا هیچ شتیٚ ڕووی داوە؟

ڕاوێژکار گوتی:

- ئاخ! جەنابی خاوەن شکۆ! هاوسەری نیشانەشکێنم دیوە، ئەوەندەی دەکەم لە مێشکم دەرناچیٚ. سیحرو جادووی لێکردوومو ناتوانم ئەو تەلیسمە بشکێنم.

پاشا کە ئەم قسەیەی بیست، مەراقی گرت ژنی نیشانەشکێن ببینیٚ. جلێکی کۆنو شڕی لەبەر کرد، چووە شارو کووخی نیشانەشکێنی دۆزییەوەو لە دەرگای دا. ماریا دەرگای کردەوە. پاشا پێیەکی لە دەرگا ئاودیو کرد، پێیەکەی تری دەتگوت لە زەوی ختم بووەو لەویٚ بزمارکوت وەستا. سەرسامو مەندەهۆش بوو. هیچ قسەی پیٚ نەکرا.



Scanned with CamScanner

ماریا چاوەڕێی کرد پاشا قسەیەك بکا، بەڵام پاشا هیچ قسەی نەکرد. ماریا پاڵی پێوەنا بۆ دەرەوەو دەرگای لە ڕوو داخست. پاشا خراپ دڵی کەوتە سەر ماریاو لە دڵی خۆیدا گوتی:

- بۆ دەبێ من بە تەنیا بژیم؟ ماریا هی ئەوەیە ژنی پاشا بێ، نەك ژنی نیشانەشکێنێك.

پاشا گەڕایەوە کۆشكو نەخشەیەکی شەیتانی لە مێش گەڵاڵە بوو. بیری کردەوە چۆن ژنی نیشانەشکێنەکە ببا. لە دوای ڕاوێژکارەکەی ناردو گوتی:

- بیر بکەوە بزانە چۆن دەتوانین بەڵای نیشانەشکێن لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە. دەمەوێ زەماوەند لەگەڵ ژنەکەی بکەم. ئەگەر یارمەتیم بدەی زێڕو گەواهیراتت دەدەمێ، بەڵام ئەگەر یارمەتیم نەدەی، وا دەکەم سەرت لە لەش جودا بکەنەوە.

ڕاوێژکاری پاشا فیکری پەشۆکا، نەیزانی چۆن نیشانەشکێن لە کۆڵ بکاتەوە. غەم دایگرتو چووە قاوەخانەیەك بۆ ئەوەی بتوانێ باش بیر بکاتەوە. مشتەرییەکی قاوەخانەکە، پیاوێکی جل شڕ بوو، ڕووی کردە ڕاوێژکارو گوتی:

- ڕاوێژکار، بۆچی ئەژنۆی غەمت گرتۆتە باوەش؟ لە چ نارەحەتی؟

ڕاوێژکا تووڕە بوو، گوتی:

- بڕۆ دوو ئیشی خۆت، کابرای بێ ئیش!

کابرا گوتی:



Scanned with CamScanner

- وەرە پیاڵە چایەکم بۆ بکرە، ئامۆژگارییەکت دەکەم. دڵنیا بە، پەشیمان نابیتەوە.

ڕاوێژکار پیاڵە چایەکی بۆ کڕی‌و باسی گیرو گرفتی خۆی بۆ کرد.

کابرای جل شڕ گوتی:

- ئاندرێ پیاوێکی ساویلکەیە. ئەگەر ژنەکەی ئەوەندە زیرەك نەبوایە ئەو بە ئاسانی لە کۆڵ دەکرایەوە. پێویستە بیر لە چارەیەکی وا بکەینەوە، ژنەکەیشی گێژ بکا. دەزانی تۆ چ بکەی باشە؟

- بڕۆ بە پاشا بڵێ ئاندرێ ڕەوانەی ئەو دونیا بکا، خەبەرێکی باوکی بۆ بێنێ. ئاندرێ دەچێتە ئەو دونیاو ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە.

ڕاوێژکار سوپاسی کابرای جل شڕی کردو گەڕایەوە لای پاشاو گوتی:

- ئێستا زانیم چۆن ئەو ئاندرێیە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە.

ڕاوێژکار بە پاشای گوت دەبێ چ بکا. پاشا زۆر شادو خۆشحاڵ بوو، یەکسەر لە دوای ئاندرێی ناردو گوتی:

- ئاندرێ، تۆ بە دڵسۆزی خزمەتی منت کردووە، داوات لێ دەکەم خزمەتێکی ترم هەیە بۆم بکەی. بڕۆ ئەو دونیاو خەبەرێکی باوکمم بۆ بێنە. ئەگەر ئەو ئیشەم بۆ نەکەی، خەنجەر لە کالان دەردەکێشم‌و سەرت لە لەش جوودا دەکەمەوە.

ئاندرێ چووەوە ماڵێ، لە سەر لاتەخت دانیشت‌و سەری دانەواند، ماریا پرسی:

- ئاندرێ بۆچی وا نارەحەتی؟

ئاندرێ مەسەلەکەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە.



Scanned with CamScanner

ماریا گوتی:

- ئەمە نیگەرانی پێ ناوێ. شتێکی ئاسانە. تۆ برۆ بۆ خۆت بە ئاسوودەیی بخەوە.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، کە ئاندرێ لە خەو هەستا، ماریا پریاسکە کولیچەیەك و ئەڵقەیەکی زێڕی دایەو گوتی:

- برۆ لای پاشاو داوای لێ بکە ڕاوێژکارەکەیت لەگەڵ ڕەوانە بکا، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە تۆ بە ڕاستی چوویتە ئەو دونیا. کە لەگەڵ هاوڕێکەت بە رێ کەوتی، ئەم ئەڵقەیە فڕێ بدە پێش خۆت، ئەڵقەکە دەخولێتەوەو ڕێگات نیشان دەدا.

ئاندرێ، پریاسکەکە کولیچەکەو ئەڵقەکەی وەرگرت‌و خودا حافیزی لە ژنەکەی کرد. چووە لای پاشاو داوای لێکرد روخسەت بدا ڕاوێژکار لەگەڵیا بچێ. پاشا ناچار بوو دەستووری بە ڕاوێژکارەکەی دا لەگەڵ ئاندرێ بچێ.

ئاندرێ‌و ڕاوێژکاری پاشا بە دوو قۆڵی ملی ڕێیان گرت‌و ڕۆیشتن.

ئاندرێ ئەڵقە زێڕەکەی فڕێ دایە پێش خۆی. ئەڵقەکە خولێکی خواردەوەو ڕۆیشت. ئاندرێ بە دوای ئەڵقەکەدا چەندەها چەمەنزارو زەلکاوو دەریاچەو ڕووباری بڕی‌و ڕاوێژکاری پاشایشی هەر بە دواوە بوو. کە لە ڕۆیشتن ماندوو دەبوون، پشوویەکیان دەداو هەندێ کولیچەیان دەخواردو دووبارە دەکەوتنەوە ڕێ.

دوای ماوەیەك، گەیشتنە جەنگەڵێکی گەورەو چڕ. لە گەڵییەکی قووڵ چوونە خوارێ‌و ئەڵقەکە لەوێ ڕاوەستا.



Scanned with CamScanner

ئاندرێو ڕاوێژکارەکە دانیشتن بۆ ئەوەی هەندێ کولیجە بخۆن. لەپڕ چاویان بە پاشای پیر کەوت عارەبانەیەکی پڕ داری ڕادەکێشاو دوو شەیتان، یەکێ لە دەستەڕاستو یەکێ لە دەستە چەپ، بە قامچی لێیان دەدا.

ئاندرێ گوتی:

- سەیر کە، ئەرێ ئەوە باوکی کۆچکردووی پاشا نییە؟

ڕاوێژکارەکە گوتی:

- بەڵی خۆیەتی.

ئاندرێ بە شەیتانەکانی گوت:

- سەلام، جەنابینە! نەختێ واز لەم گوناهبارە پیرە بێنن. دەمەوێ قسەیەکی لەگەڵدا بکەم.

شەیتانەکان وەڵامیان دایەوە:

- بۆچی؟ وا تێ دەگەی کاتمان ئەوەندە زۆرە هەر ڕاوەستینو چاوەڕێی ئێوە بکەین؟ یان دەتانەوێ ئێمە خۆمان ئەم دارانە هەڵگرین؟

ئاندرێ گوتی:

- تا من دوو قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەم کابرایە دەچێتە جێگای.

ئیتر شەیتانەکان، پاشای پیریان ئازاد کردو لەباتی ئەو، ڕاوێژکاریان لە بن عارەبانەکە کردو دایانە بەر قامچییان.

ڕاوێژکار پشتی چەمایەوەو عارەبانەکەی ڕاکێشا.

ئاندرێ، لە حاڵو ئەحواڵی پاشای پیری پرسی:

پاشا گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەی ئاندرێی نیشانەنەشکێن، لەم دونیایەدا، ژیان زۆر ناخۆشە. سەلامی من بە کوڕەکەم بگەیەنەو پێی بڵێ خراپە لەگەڵ خەڵك نەکا، نەوەك ئەویش، کە هاتە ئێرە، تووشی ئازارو ئەشکەنجە دەبێ.

هێشتا قسەیان تەواو نەببوو، شەیتان بە عارەبانەی بەتاڵ هاتنەوە. ئاندرێ ڕوخسەتی ڕۆیشتنی لە پاشای پیر خواستو ڕاوێژکاریش کەوتە دوایەوە. هەردووکیان بەرەوماڵەوە کەوتنە ڕێ.

دوای ماوەیەك گەیشتنەوە وڵاتی خۆیانو چوونە کۆشکی پاشا. پاشا، کە چاوی بە ئاندرێ کەوت، تووڕە بوو و هاواری کرد:

- چۆن زاتت کرد هاتیتەوە؟

ئاندرێ گوتی:

- باوکی کۆچکردووتم لەو دونیادا بینی. ژیانێکی ناخۆشی هەیە. سەلامی لێ دەکردی، گوتی پێی بڵێ ئەگەر نایەوێ کە هاتە ئێرە ژیانێکی ناخۆشی هەبێ، نابێ زوڵم لە خەڵك بکا.

پاشا گوتی:

- چۆن دەتوانی بسەلمێنی چوویتە ئەو دونیاو باوکمت دیوە؟

ئاندرێ بە زیرەکی وەڵامی دایەوە:

- بە شووی ئەو قامچییانەی شەیتان لە پشتی ڕاوێژکاریان داوە. ئەمە بەڵگەی ڕوونو ئاشکرایە.

ئیتر پاشا ناچاربوو بڕوای بە قسەی ئاندرێ کردو ڕوخسەتی دا بڕوا. پاشا بە ڕاوێژکاری گوت:



Scanned with CamScanner

- ئەگەر چارەیەك نەدۆزیتەوە لە بەڵای ئاندریێ ڕزگار ببم، خەنجەر هەڵدەکێشمو سەرت لە لەش جودا دەکەمەوە!

ڕاوێژکار لە جاران ناڕەحەتترو پەشۆکاوتر بوو. چووە هەمان قاوەخانە. لە سەر مێزێك دانیشتو داوای چایەکی کرد. لە هەمان کاتدا، کابرای جل شڕ هاتە کنیو گوتی:

- ڕاوێژکار، بۆچی وا غەمباری؟ لە چ ناڕەحەتی؟ پیاڵە چایەکم بۆ بکڕە، ئامۆژگارییەکت دەکەم.

ڕاوێژکار پیاڵە چایەکی بۆ کڕیو باسی گیروگرفتی خۆی بۆ کرد.

کابرای جل شڕ گوتی:

- نیگەران مەبە! بڕۆ لای پاشاو پێی بڵێ داوا لە نیشانەنەشکێن بکا حەفت وڵات ببڕێو پشیلەی لایلایە بدۆزێتەوەو بیهێنێ.

ڕاوێژکار بە هەڵەداوان گەڕایەوە لای پاشاو پێی گوت چۆن دەتوانێ لە بەڵای نیشانەنەشکێن ڕزگاری ببێ. پاشا لە دوای ئاندرێی ناردو گوتی:

- باشە، ئاندریێ، تۆ زۆر خزمەتی منت کردووە. ئێستا دەمەوێ خزمەتێکی ترم بۆ بکەی. بڕۆ حەفت وڵات ببڕەو پشیلەی لایلایەم بۆ بێنە. ئەگەر ئەم ئیشەم بۆ نەکەی، خەنجەر لە کالان دەردەکێشمو سەرت لە لەش جودا دەکەمەوە.

ئاندریێ بە سەرکزی گەڕایەوەماڵێو مەسەلەکەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە.

ماریا گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەمە نیگەرانی پێ ناوێ. کارێکی ئاسانە. ئێستا بڕۆ بۆ خۆت بە ئاسوودەیی بخەوە.

ئاندرێ چووە ناو جێو نووست. ماریا چووە لای ئاسنگرو داوای لێکرد سێ کڵاوی ئاسنو گازێكو سێ شیشەی بۆ دروست بکا: یەك ئاسنو یەك مزو یەك تەنەکە.

بەیانی ڕۆژی پاشی، ماریا ئاندرێی لە خەو هەستاندو گوتی:

- ها، ئەمە سێ کڵاوی ئاسنو گازێكو سێ شیشە. ئەمانە ببەو حەفت وڵات ببڕە . پاش ماوەیەك خەوێکی قورست بە سەردا دەبارێ. ئەمە مانای وایە پشیلەی لایلایە دەیەوێ تەلسمت لێ بکا. وریا بە خەوت لێ نەکەوێ. دەستەکانت بکە بە ئەڵقەو پێت لە سەر زەوی ڕاکێشەو ئەگەر پێویستی کرد لە سەر زەوی تل بخۆ. ئەگەر بخەوی، پشیلەی لایلایە دەتکوژێ.

ماریا باسی هەموو شتێکی بۆ کردو ڕەوانەی سەفەرەکەی کرد.

ئاندرێ ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا حەفت وڵاتی بڕی. دەستەکانی کردە ئەڵقەو پێی لە سەر زەوی ڕاکێشا. کە دیتی ئەمانە سوودیان نییە. خۆی لەسەر زەوەی گلۆر کردەوە. بەم جۆرە توانی لێ نەگەڕێ خەوی لێ بکەوێو خۆی بگەیەنێتە دیرەگی بەرز. کە پشیلەی لایلایە ئاندرێی بینی، زیڕاندیو بازی دایە لای دیرەگەکەو خۆی بە کڵاوی ئاندرێ داداو شکاندی. کڵاوی دووەمیشی شکاندو کە ویستی کڵاوی سێیەم بشکێنێ. ئاندرێ بە گازەکە گرتیو لەسەر زەوی ڕایکێشاو بە شیشەکان وەریگەڕایێ.



Scanned with CamScanner

یەکەم جار بە شیشە ئاسنەکە لێیدا. کە شیشە ئاسنەکە شکا، بە شیشە مزەکە لێی داو کە شیشە مزەکە شکا، بە شیشە تەنەکەکە لێیدا. شیشە تەنەکەکە چەمایەوە بەڵام نەشکا. ئەوسا ئاندرێ شیشە تەنەکەکەی لە دەوری لەشی پشیلەی لایلایە پێچا. پشیلەی لایلایە بەرگەی نەگرت. کە دیتی تەلسمەکەی کار ناکا، دەستی بە تکاو پاڕانەوە کردو گوتی:

- ئەی پیاوی جوامێرو سەربەرز! ئیزنم بدە بڕۆم، هەر کارێکی داوا بکەی، دەیکەم.

ئاندرێ گوتی:

- لەگەڵ من وەرە!

پشیلەی لایلایە گوتی:

- باشە، هەر ئیشێکی بتەوێ، دەیکەم.

ئاندرێ بەرەوماڵەوە کەوتە ڕێو پشیلەیشی لەگەڵ خۆی برد. کە گەیشتەوە وڵاتی خۆیان، لەگەڵ پشیلەی لایلایە چووە کۆشکو بە پاشای گوت:

- ئەوەی گوتت جێ بەجێم کردو ئەوەتا پشیلەی لایلایەم بۆ هێنای.

پاشا باوەڕی نەکرد، گوتی:

- پشیلەی لایلایە بێنەو رقو ئاگرم نیشان بدە.

پشیلەی لایلایە لەناکاو، دەستی بە تیژکردنی چرنۆکەکانی کردو سەرنجێکی رقو کینەی لە پاشا دا. دەتگوت دەیەوێ سنگی بدڕێو دڵی لە لەش دەربێنێ. پاشا تووشی هەراسانی هاتو گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئاندرێ، هێوری کەوە!

ئاندرێ پشیلەکەی هێور کردەوەو لەناو قەفەزێکی نا. ئینجا گەڕایەوە لای ماریای ژنی. هەردووکیان شادو خۆشحاڵ بوون، بەڵام پاشا لە جاران رقەستوورتر بوو. دووبارە لە دوو ڕاوێژکارەکەی ناردو گوتی:

- چارەیەك بدۆزەوەو ئاندرێ لەناو ببە. ئەگەر ئەمەم بۆ نەکەی خەنجەر لە کالان دەردەکێشم‌و دەتکوژم.

ڕاوێژکار دیسان چووە قاوەخانەکەو بە دوای کابرای جل شڕدا گەڕاو داوای لێکرد یارمەتی بدا. کابرای جل شڕ پیاڵە چایەکی خواردەوەو دەستێکی بە سمێڵی داهێناو گوتی:

- بڕۆ لای پاشاو پێی بڵێ داوا لە ئاندرێ بکا بچێتە وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی) بێنێ. ئاندرێ ئەمەی قەت پێ ناکرێ، ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە.

ڕاوێژکار، بە هەڵەداوان چووە لای پاشاو مەسەلەکەی وشە بە وشە بۆ باس کرد.

پاشا لە دوو ئاندرێی ناردو گوتی:

- تا ئێستا دوو خزمەتت کردووم. دەمەوێ خزمەتێکی تریشم بکەی، بڕۆ وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی)م بۆ بێنە. ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکەی، پاداشتێکی باشت دەدەمێ‌و ئەگەر نەیکەی بە خەنجەر سەرت لە لەش جودا دەکەمەوە.

ئاندرێ چووەوە ماڵێ. لە سەر لاتەخت دانیشت‌و بە کوڵ گریا.

ماریا پرسی:



Scanned with CamScanner

- بۆچی ئاوا نارەحەتی؟ ئایا دیسان چ قەوماوە؟

ئاندرێ وەڵامی دایەوە:

- ئاخ! ڕوخساری جوانی تۆ ئاخیری دەبێ بە مایەی بەدبەختی بۆ من! پاشا ئەمری داوە بچمە وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی) بۆ بێنم.

ماریا گوتی:

- ئەمە کارێکی زەحمەت نییە، ئەو هەموو گریەو زارییەی ناوێ. ئێستا بڕۆ بە خەیاڵی ئاسوودە بخەوە.

ماریا تا نیوە شەو دانی بە خۆیدا گرت، ئەوسا کتێبی کردەوە. لە سەرەتا تا کۆتایی خوێندییەوە، خستییە لاوەو هەردوو دەستی بە سەری خۆیەوە گرت. کتێبەکە باسی ئەو وڵاتەی تێدا نەبوو. ئینجا چووە بەرسفك و دەستماڵێکی دەرهێناو هەڵی شەقاند. لەناکاو هەموو جۆرە باڵندەو گیانەوەرێکی هاتە لاوە:

- ئەی گیاندارانی جەنگەڵو ئەی تەیری ئاسمانان، سڵاوتان لێ بێ! ئەی گیاندارینە بڕۆن هەموو شوێنێ بگەڕێنو ئەی باڵندەینە بۆ هەموو شوێنێ بفڕن، بەڵکو بتوانن پێم بڵێن مرۆڤ چۆن دەتوانێ بگاتە وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم – چی) بینێ!

بەڵام باڵندەو گیاندارەکان وەڵامیان دایەوە:

- نەخێر، ماریا، ئێمە ئەو شوێنە پێنازانینو نازانین لە کوێیە.

ماریا دووبارە دەسماڵی هەڵشەقاندو باڵندەو گیاندارەکان هەموو بزر بوون. بۆ جاری سێیەم دەسماڵی هەڵشەقاندو دوو دێو لەبەردەمی پەیدا بوونو گوتیان:



Scanned with CamScanner

- ئارەزووت لە چییە؟ بخوازە چت دەوێ!
ماریا گوتی:
- خزمەتکارە وەفادارەکانم! هەڵمگرن بمبەنە ناوەڕاستی ئۆقیانووس.
دێوەکان ماریایان لە سەر زەوی بڵند کردو بردیانە ناوەڕاستی ئۆقیانووس‌و وەکوو دوو ستوونی بەرز، لە ناوەڕاستی ئۆقیانووس ڕاوەستان. ماریا دەسماڵی هەڵشەقاند، سەر لەبەری ماسی‌و گیانداری دەریایی هاتنە لایەوە.
ماریا گوتی:
- ئەی ماسینە، ئەی گیانداری دەریاینە، ئێوە بە مەلە دەچنە هەموو شوێنێك‌و ئاشنای هەموو وڵاتێکن. بەڵکو بتوانن پێم بڵێن مرۆڤ چۆن دەتوانێ بگاتە وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی) بە دەست بێنێ.
وەڵامیان دایەوە:
- نەخێر، ماریا، ئێمە هیچ شتمان لە بارەی شوێنی واوە نەبیستووە.
ماریا غەم دایگرت‌و بە دێوەکانی گوت بیبەنەوە ماڵێ. دێوەکان بردیانەوە ماڵێ‌و لە سەر پلیکانەی بەر دەرگا دایاننا.
بەیانی ڕۆژی پاشی، ماریا، ئاندرێی لە خەو هەستاندو گڵۆڵە دەزییەك‌و خاولییەکی گوڵدۆزی دایەو گوتی:
- ئەم گڵۆڵە دەزییە لە پێش خۆت دانێ، بۆ هەر کوێ چوو، تۆ شوێنی کەوەو لە هەر کوێ خۆت شووشت، وریا بە بەم خاولییە نەبێ، خۆت بە هیچ خاولییەك وشك نەکەیتەوە.



Scanned with CamScanner

ئاندرێ ماڵاوایی لە ماریا کردو ڕۆیشت، لە شار چووە دەرەوە. گلۆڵە دەزووەکەی لە پێش خۆی داناو کەوتە شوێنییەوە.

زۆر وڵاتی بڕی. گلۆڵە دەزووەکە هەر خولی دەخواردەوەو دەزووەکە دەکرایەوەو گلۆڵە دەزووەکە بچووکترو بچووکتر دەبووەوە. ئاخیری ئەوەندە بچووک بووەوە بە چاو نەدیترا.

دوای ماوەیەك، ئاندرێ گەیشتە جەنگەڵێك. سەرنجێکی لە دەوروبەری خۆی دا، کەوێڵێکی بچووکی دی لەسەر قاچی مریشك وەستا بوو.

ئاندرێ گوتی:

- ئەی کەوێڵی بچووك، ئەی کەوێڵی بچووك، پشت لە دەرختان بکەو ڕووت بۆ لای من وەرگێڕە.

- کەوێڵەکە چەرخێکی لێداو ئاندرێ چووە ناوییەوە. دیتی پیرەژنێك لە سەر لاتەختێك دانیشتووە، خوری دەڕێسێ.

پیرەژن گوتی:

- بۆنی بنیادەم دێ. ئەوە کێیە لێرە؟ لە کوێ هاتووی؟ دەچیتە کوێ؟ بە زیندوویی دەتبرژێنمو دەتکەم بە یەك پارووی چەور.

ئاندرێ گوتی:

- ئەی (یاگا)ی پیر، چۆن دڵت دەبا ڕێبوارێك بخۆی؟ ئەویش ڕێبوارێکی لەڕو پیس؟ یەکەم جار حەمام گەرم کەو بمشۆ، ئەوسا بمخۆ.

(یاگا) حەمامی گەرم کرد. ئاندرێ خۆی شووشتو خاولی ژنەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی خۆی وشك بکاتەوە. (یاگا) پرسی:

- ئەم خاولییەت لە کوێ بوو؟ ئەمە کچەکەم گوڵدۆزیی کردووە.



Scanned with CamScanner

ئاندرێ گوتی:

- کچی تۆ خێزانی منەو ئەو ئەم خاولییەی داوە بە من.

پیرەژن گوتی:

- زاوای ئازیزم، بەخێر هاتی! وەرە خواردنت بدەمێ.

(یاگا) باشترین خواردنی بۆ زاوای ئامادە کردو لە سەر سفرەی دانا. ئاندرێ دانیشتو دەستی بە خواردن کرد. (یاگا) لە تەکیەوە دانیشتو پرسیاری لێ کرد چۆن لەگەڵ ماریا زەماوەندی کردووەو ئایا بەختەوەرن لەگەڵ یەك، یان نا؟ ئاندرێ هەموو مەسەلەکەی بۆ (یاگا) گێڕایەوەو گوتی پاشا داوای لێ کردووم بچمە وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی) بێنم. ئینجا گوتی:

- دایکە، تەنیا تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی.

(یاگا) گوتی:

- ئاخ، زاوای ئازیزم، من یەك وشەم لە بارەی ئەو شوێنە سەیرو سەمەرەوە نەبیستووە. تەنیا بۆقی پیر ئەم جۆرە شوێنانە پێ دەزانێ. سێ سەد ساڵە لەناو زەلکاودا دەژی. ئێستا بڕۆ بە خەیاڵی ئاسوودە بخەوە.

ئاندرێ چووە ناو جێو نووست. (یاگا) چووە سەر زەلکاوو بانگی کرد:

- ئەی بۆقی پیر، ئایا هێشتا ماوی و نەمردووی؟!

بۆقی پیر وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، ماوم.

- دە، لەناو زەلکاو وەرە دەرەوە.



Scanned with CamScanner

بۆقی پیر لەناو زەلکاو بازی دایە دەرەوە.

(یاگا) گوتی:

- ئایا دەزانی وڵاتی (نازانم - کوێ)، لە کوێیە؟

بۆقی پیر وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، دەزانم.

(یاگا) گوتی:

- زەحمەت نەبێ پێم بڵێ لە کوێیە. دەبێ زاواکەم بچێتە (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی) بێنێ.

بۆق وەڵامی دایەوە:

- خۆم ڕێگاکەی نیشان دەدەم، بەڵام من زۆر پیرمو ناتوانم خێرا باز بدەم. بە زاواکەت بڵێ لەناو دەفرێکی شیرم بنێو بمباتە سەر ڕووباری ئاگرین. کە گەیشتە ئەوێ، لەوێ پێی دەڵێم.

(یاگا) بۆقی پیری سواری گەسك کردو بردییەوە ماڵێو هەندێ شیری تازەی لەناو دەفرێك کردو بۆقەکەی لەناو نا.

سبەینەی ڕۆژی پاشی، ئاندرێی بە ئاگا هێناو گوتی:

- بۆقی پیر لەناو ئەم دەفرەدایە. جلت لەبەر کەو سواری ئەسپەکەم بەو برۆ سەر ڕووباری جۆشانو خرۆشان. کە گەیشتیتە ئەوێ، ئەسپەکەت بەر هەڵدەو بۆقەکە لەناو دەفرەکە دەربێنە. ئەو پێت دەڵێ بچیتە کوێ.

ئاندرێ جلی کردە بەرو دەفرەکەی هەڵگرتو سواری ئەسپەکەی (یاگا) بوو. دوای ماوەیەك گەیشتە ڕووباری جۆشانو خرۆشان. هیچ



Scanned with CamScanner

گیانداریَ نەیدەتوانی لەناو ئەو ڕووبارەدا بژی. ئاندریَ لە سواری ئەسپ دابەزی.

بۆقەکە گوتی:

- ئێستا سواری پشتی من بە.

ئاندریَ گوتی:

- تۆ زۆر بچووکی. سواری پشتت بم، پانت دەکەمەوە.

بۆقی پیر گوتی:

- مەترسە. سواری پشتم بەو توند خۆت بگرە.

ئاندریَ سواری پشتی بۆقی پیر بوو. بۆقەکە دەستی پێکرد خۆی فوو کرد. ئەوەندە خۆی فوو کردو خۆی فوو کرد تا بە قەدەر تەپەیەکی لێ هات. بۆقی پیر پرسی:

- ئایا توند خۆت گرتووە؟

ئاندریَ گوتی:

- بەڵێ، دایکە!

دووبارە خۆی فوو کرد تا لە جەنگەڵی تاریک بڵندتر بوو. ئەوسا، بە یەك قەڵەمباز خۆی گەیاندە ئەو بەری ڕووباری ئاگرین. ئاندرێی دابەزاندو دووبارە گەڕایەوە سەر شکڵی جارانی.

- ئێستا ئەی مرۆی میهرەبان، ئەم ڕێگایە بگرەو بڕۆ. کووخێك دەبینی، زۆر بڵند نییە. بڕۆ ناو کووخەکەو لە پشت ئاگردان بوەستە، لەویَ (نازانم - چی)ت دەست دەکەویَ.



Scanned with CamScanner

ئاندرێ بە ڕێگاکەدا ڕۆیشت، کووخێکی کۆنی دی، بە تەواوی لە کووخی نەدەکرد. نە پەنچەرەی هەبوو، نە هەیوان. چووە ژوورەوەو خۆی لە پشت ئاگردان شاردەوە.

وردە وردە دەنگە دەنگێك لە ناو جەنگەڵ هەستا. کورتە باڵایەك، کە هەر بە قەد ئەنگوستیلەیەك دەبوو، بە چوستو خێرایی هاتە ژوورەوەو هاواری کرد:

- برای بێ ناو، برسیم!

هێشتا قسەکەی بە تەواوی لە دەم نەهاتبووە دەرەوە، سفرەیەك دەرکەوت. سفرەکە دەفرێکی گەورەی شەربەتو گایەکی برژاوی لەسەر بوو، گایەکە چەقۆیەکی تێدا چەقاندرابوو. کورتە باڵاکە لەسەر مێزەکە دانیشتو چەقۆی تیژی دەرکێشاو دەستی بە بڕینی گۆشتی برژاو کرد. سرکەی لێ داو خواردی. بە دەم خواردنەوە هەر بەه بەهو چەه چەهی بوو. هەموو گۆشتی گاکەی خواردو دەفرە شەربەتەکەی بە سەردا ئاوا کردو گوتی:

- برای بێ ناو، سفرەکە کۆکەوە.

لەپڕ سفرەکە بزر بوو. دەتگوت هەر نەبووە. ئاندرێ چاوەڕێی کرد تا کورتە باڵاکە ڕۆیشت. ئینجا لە پشت ئاگردان هاتە دەرەوەو بە دلێری و گەڕناسی گوتی:

- برای بێ ناو، شتێکم بدەرێ بیخۆم.

لەناکاو مێزێك دەرکەوت، خواردنی بەتامو دەفرێکی گەورەی شەربەتی لەسەر بوو. ئاندرێ لەسەر سفرە دانیشتو گوتی:



Scanned with CamScanner

- برای بێ ناو، وەرە دانیشە، بە یەکەوە خواردن بخۆین.

دەنگێ وەڵامی دایەوە:

- سوپاسی لوتفت دەکەم. ئەوە چەند ساڵە لێرە خزمەت دەکەم، تا ئێستا یەك پشکە گۆشتی سووتاویشم نەخواردووە، کەچی ئێستا تۆ دەتەوێ خواردنت لەگەڵ بخۆم!!

ئاندرێ واقی وڕماو زمانی گیرا. کەس دیار نەبوو، کەچی خواردن لە خۆیەوە بزر دەبوو. دەتگوت گەسکی لێ دەدەن. شەربەتو خواردنەوە لە پەرداخان دەکران‌و بەرداخەکان بە یەك دەکەوتن. ئاندرێ گوتی:

- برای بێ ناو، خۆتم نیشان بدە، با بتبینم!

- نا. کەس نابێ من ببینێ. من (نازانم - چی)م!

- برای بێ ناو، حەز دەکەی خزمەتی من بکەی؟

- بەڵێ، زۆر! تۆ پیاوێکی باش‌و میهرەبانی.

کە خواردنی خۆیان خوارد، ئاندرێ گوتی:

- سفرەکە کۆکەوەو لەگەڵ من وەرە.

لە کووخەکە چووە دەرەوە. تەماشای دەورو بەری خۆی کرد، گوتی:

- برای بێ ناو، ئایا هاتی؟ لێرەی؟

- بەڵێ، مەترسە! جێت ناهێڵم!

دوای ماوەیەك، ئاندرێ گەیشتە سەر ڕووباری ئاگرین. بۆقەکە لەوێ چاوەڕێی دەکرد، بە ئاندرێی گوت:

- باشە، هاوڕێم، ئایا (نازانم - چی)ت پەیدا کرد؟

- بەڵێ، دادە بۆق!

بۆقەکە گوتی:

- ئاندرێ، سواری پشتم بە.

ئاندرێ دووبارە سواری پشتی بۆقەکە بوو. بۆقەکە دەستی بە فووکردنی خۆی کرد. هەر گەورەترو گەورەتر بوو. ئینجا ئاندرێی بردە ئەو بەری ڕووباری ئاگرین. ئاندرێ خودا حافیزی لە دادە بۆق کردو بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ. هەر نەختێ دەڕۆیشت، ئاوڕی دەدایەوە دەیگوت:

- برای بێ ناو، لێرەی؟

- بەڵێ، مەترسە! هەرگیز جێت ناهێڵم.

ئاندرێ هەر ڕۆیشتو ڕۆیشتو ڕۆیشت تا زۆر شەکەتو ماندوو بوو، گوتی:

- ئای خوای گەورە، چەند شەکەتو ماندووم!

یەکسەر بایەکی توند هەڵیکردو ئاندرێی لە گەڵیو جەنگەڵو شارو گوندان پەڕاندەوەو بە سەر دەریایەکی قووڵدا تێپەڕین. ئاندرێ ترساو گوتی:

- برای بێ ناو، دەمەوێ نەختێ پشوو بدەم.

لە ناکاو باکەی کڕکردەوەو ئاندرێ بەربووەوە ناوەندی دەریا. ئاندرێ دوورگەیەکی لەناو دەریادا دی. دوورگەکە کۆشکێکی لێ بوو بانی زێڕو دەوراندەری باخێکی خۆش بوو. برای بێ ناو بە ئاندرێی گوت:

- پشوو بدە! بخۆو بخۆوەو چاوت لە دەریا بێ. سێ کەشتی بازرگانی دێن. سڵاو لە بازرگانی کەشتیەکان بکە. بۆ خواردنی شێو داوەتیان



Scanned with CamScanner

بکەو خواردنێکی خۆش‌و بەتامیان بدەرێ. ئەوانە سێ شتی سەیرو سەمەرەیان پێیە. من بەو سێ شتە بدە. مەترسە دووبارە دێمەوە لات.

دوای ماوەیەك، سێ کەشتی لەلای ڕۆژئاواوە دەرکەوتن. دەریاوانەکان، ئەو دوورگەو ئەو کۆشکە بان زێڕەو باخەکەی دەوروبەریان دی‌و گوتیان:

- ئەمە چییە؟ ئێمە چەند جار بێرەدا تێپەڕیوین، جگە لە شەپۆلی دەریا هیچ شتی ترمان نەدیوە. وەرن لە سەر ئەم کەنار دابەزین.

سێ کەشتییەکە لەنگەریان گرت‌و سێ بازرگانەکە سواری بەلەمی بچووك بوون‌و ڕوویان کردە کەنار. بەڵام ئاندریێ نیشانەشکێن پێش ئەوان گەیشتبووە کەناو. چاوەڕێی دەکرد بەخێرهاتنیان بکا. کاتێ بازرگانەکان گەیشتنە سەر کەنار، ئاندرێ گوتی:

- میوانە خۆشەویستەکان بەخێر بێن!

بازرگانەکان تا زیاتر تەماشایان دەکرد، زیاتر سەرسام دەبوون. بانی کۆشکەکە وەکوو ئاگر دەدرەوشایەوە، باڵندە دەیانخوێندو گیانداری سەیرو سەمەرە لە ڕێگاکان وێڵ‌و سەرگەردان دەسووڕانەوە.

بازرگانەکان پرسییان:

- مێرخاس، پێمان بڵێ کێ ئەم هەموو شتە سەیرو سەمەرەی لێرە دروست کردووە؟

ئاندرێ وەڵامی دایەوە:

- نۆکەرەکەم، برای بێ ناو، لەپڕ ئەم هەموو شتە سەیرو سەمەرەی دروست کرد.



Scanned with CamScanner

ئاندرێ میوانەکانی بردە هۆڵی پێشوازیو گوتی:

- برای بێ ناو، شتێکمان بدەرێ بیخۆین و بیخۆینەوە.

لە ناکاو مێزێك دەرکەوت. جۆرەها خواردنی بەتامو جۆرەها شەربەتی لەسەر بوو. بازرگانەکان، کە چاویان بەو سفرەیە کەوت، واقیان وڕماو گوتیان:

- وەرە مامەڵەیەك بکەین. تۆ نۆکەرەکەی خۆتمان بدەرێ، هەر شتێکی داوا بکەی، دەتدەینێ.

ئاندرێ گوتی:

- زۆر باشە. ئێوە چ شتێکی سەیرو سەمەرەتان هەیە؟

بازرگانی یەکەم، تۆبزێکی لە ژێر چاکەتی دەرهێناو گوتی: من ئەم تۆبزەم هەیە. ئەوەندە بەسە بڵێی (ئەی تۆبز، تۆبزێکی چاك لەم کابرایە بدە!) تۆبزەکە دەکەوێتە کارو ئەو کابرایە هەر کەسێکی هەبێ، تا دەمرێ دارکاری دەکا. بازرگانی دووەم تەورێکی لە ژێر کراسی دەرهێناو گوتی: منیش ئەمەم هەیە. تەورەکەی لەسەر دەسکەکەی ڕاگرتو تەورەکە دەستی بە دار بڕین کردو لە ناکاو کەشتییەك دروست بوو، ئینجا کەشتییەکی ترو هەر بەم جۆرە کەشتی تریش. چارۆکە هەڵبەسترانو تۆپ هاوێژرانو دەریاوانی ئازا خۆیان بۆ دەستوور دان ئامادە کرد. ئینجا بازرگانەکە تەورەکەی سەراوژێر کرد، هەموو کەشتییەکان بزر بوون. بازرگانی سێیەم شمشاڵێکی لە گیرفانی دەرهێناو گوتی: منیش ئەم شمشاڵەم هەیە. فووی لە شمشاڵەکە کرد. لە ناکاو یەك لەشکری چەکدار بە تۆپو



Scanned with CamScanner

تفەنگ، سوارو پیادە، دەرکەوتن. لەشکرەکە بە ڕیز ڕۆیشتن. مۆسیقاژەن مۆسیقایان لێداو بەیداخ شەکانەوەو ئەسپ سوار دەستیان بە جلیتبازی کردو چاوەڕێی فەرمان بوون. پاشان بازرگانەکە فووی لە بنی شمشاڵەکە کردو یەکسەر هەموو شتێ بزر بوو.

ئاندرێ گوتی:

- من رام لەم شتە سەیرو سەمەرانەیە. بەڵام شتە سەیرو سەمەرەکەی من لە هی ئێوە بەنرخترە. ئەگەر حەز دەکەن، ئەم هەموو شتانەم بدەنێ، برای بێناوتان دەدەمێ.

بازرگانەکان گوتیان:

- هەست ناکەی، داوای زۆر دەکەی؟

ئاندرێ گوتی:

- کەیفی خۆتانە: یان ئەوە، یان هیچ.

بازرگانەکان نەختێ بیریان کردەوەو گوتیان:

- تۆبزو تەورو شمشاڵ بە چ کەڵکمان دێن؟ باشتر وایە ئەم شتانە بە برای بێ ناو بدەین. شەوو ڕۆژ، بێ ئەوەی دەست لە ڕەش‌و سپی بدەین، خواردنی زەریف‌و بەتام دەخۆین.

ئیتر بازرگانەکان، تۆبزو تەورو شمشاڵەکەیان دایە ئاندرێ‌و هاواریان کرد:

- برای بێ ناو، لەگەڵ ئێمە وەرە. ئایا ئامادەی بە دڵسۆزی خزمەتمان بکەی؟

بێ ناو گوتی:



Scanned with CamScanner

- بۆچی خزمەتتان ناکەم؟! خزمەتی هەر کەسێ بکەم بۆ من جیاوازیی نییە.

بەم جۆرە بازرگانەکان گەڕانەوە ناو کەشتییەکانیان‌و کەوتنە سەر خواردن‌و خواردنەوە. زەوقیان کرایەوەو هاواریان کرد:

- برای بێ ناو، وەرە! ئەمەمان بۆ بێنە، ئەوەمان بۆ بێنە!

ئاخیری خەویان لێکەوت. ئاندرێ بە تەنیا لەناو کۆشك دانیشتبوو، هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد.

ئاندرێ لە دڵێ خۆیدا بیری کردەوە:

- ئای خودایە! نازانم کابرای بێ ناوی نۆکەری وەفادارم لە کوێیە؟

بێ ناو گوتی:

- ئەوەتا لێرەم. ئارەزووت لە چییە؟

ئاندرێ بە بیستنی دەنگی بێ ناو زۆر شادو خۆشحاڵ بوو، گوتی:

- ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە. بچمەوە ماڵێ بۆ لای هاوسەری جحێڵم؟ برای بێ ناو، بمگەیەنەوە ماڵێ.

لەپڕ بایەك هەڵیکرد، ئاندرێی بڵند کردو بردییەوە وڵاتی خۆی. هەر لەو کاتەدا، بازرگانەکان لە خەو هەستان، بانگی برای بێ ناویان کرد:

- برای بێ ناو! شتێکمان بدەرێ بیخۆین‌و بیخۆینەوە!

هەر چەندە هاواریان کردو چاوەڕێیان کرد، هیچ خواردن‌و خواردنەوە دەرنەکەوت‌و دەرنەکەوت. سەیری دەوروبەری خۆیان کرد. دوورگەکە نەما بوو. بازرگانەکان تووڕە بوون‌و گوتیان:

- تووشی کابرایەکی چەند خراپ هاتین!! هەمووی تەفرەدراین!!



Scanned with CamScanner

بەڵام هیچیان لە دەست نەهات. ئیتر لەنگەریان بەرداو ڕۆیشتن.

لەولاوەیش ئاندرێ، گەیشتەوە ماڵێو لە تەک کووخەکەی هاتە خوارێ. بەڵام کووخەکەی نەمابوو. ئاندرێ سەری دانەواندو چووە شوێنێکی چۆڵی کەناری دەریا. لەوێ دانیشتو گریا. لە هیکڕا قومرییەك پەیدا بوو. لەسەر زەوی نیشت، گۆڕاو بوو بە هاوسەری جوانی خۆی. بە دیداریی یەکتر شادبوونەوەو چی بەسەریان هاتبوو، هەموویان بۆ یەکتر گێڕایەوە. ماریا گوتی:

- کاتێ کە تۆ لە ماڵەوە ڕۆیشتی، من خۆم خستە سەر شکڵی کۆترێكو بەناو جەنگەڵو چیادا فڕیم. پاشا سێ جار لە دووی ناردم، نەیدۆزیمەوە. ئیتر کووخەکەی سووتاندین.

ئاندرێ گوتی:

- برای بێ ناو، دەتوانی کۆشکێکی بە تەنتەمان بۆ لەسەر کەناری دەریا دروست بکەی؟

بە چاوتروکانێك، کۆشکێکی بە تەنتەنە دەرکەوت. لە کۆشکی پاشا جوانتر بوو. کۆشکەکە لەناو باخێکی سەوزدا بوو، باڵندە لە سەر کەدی داران دەیانخوێندو جۆرەها گیانداری سەیرو سەمەرە لە ڕێگاکان وێڵو سەرگەردان دەسووڕانەوە.

ئاندرێو ماریا چوونە ناو کۆشكو لە تەك پەنجەرە دانیشتنو دەستیان بە قسە کرد.

چەند ڕۆژێ بەم جۆرە لەناو ئەو کۆشکەدا ژیان، تا ڕۆژێ، پاشا بۆ ڕاووشکار چووە دەرەوەو کۆشکەکەی لە لێواری دەریادا بینیو گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەوە چ گەوجێکە زاتی کردووە کۆشك لە وڵاتی من دروست بکا؟
قاسیدانی پاشا چوون خەبەریان هێنا کە ئاندرێی نیشانەشکێن ئەو کۆشکەی دروست کردووەو لەگەڵ ماریای هاوسەری جحێڵی تێیدا دەژی.

پاشا تووڕە بوو. قاسیدی نارد بپرسن داخۆ ئاندرێ چۆتە (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی) هێناوە، یان نا؟
قاسیدان چوون. دووبارە خەبەریان هێنا کە ئاندرێ نیشانەشکێن بە ڕاستی چۆتە وڵاتی (نازانم - کوێ)و (نازانم - چی)ی هێناوە.
پاشا بە بیستنی ئەم خەبەرە زۆر تووڕە بوو. دەتگوت چەقۆیەکیان لە دڵی ڕاکردووە. سەربازەکانی کۆکردەوەو ڕەوانەی سەر دەریای کردنو فەرمانی پێدان کۆشکەکە لەگەڵ خاك یەکسان بکەنو ئاندرێو ژنەکەیشی بکوژن.

ئاندرێ، کە سوپای پاشای بینی، تەورەکەی دەرهێناو لەسەر دەستەکەکەی چەقاندی. تەورەکە جوولاو کەشتییەك دەرکەوت. بەم جۆرە ئەوەندە جوولا تا سەدان کەشتی دەرکەوتنو بە سەر دەریاوە کەوتنە گەڕان.
ئینجا ئاندرێ، شمشاڵەکەی دەرهێناو فووی لێ کرد. لە ناکاو لەشکرێکی چەکداری سوارەو پیادە، بە تۆپو تفەنگ، دەرکەوتو ئامادەی فەرمان بوو. ئاندرێ ئەمری پێکردن دەست بە شەڕ بکەن. مۆسیقاژەن تیپ تیپ سروودیان لێداو سەربازی پیادە هێرشیان کردە سەر لەشکری پاشاو ڕیزیان تێك شکاند. سوارە بە یەلغار چوون،



Scanned with CamScanner

سەربازەکانی پاشایان بە دیل گرت. کەشتییەکانی ئاندرێ شاری پاشایان دایە بەر تۆپان. کە پاشا دیتی سەربازەکانی پشتیان داو هەڵاتن، بە هەڵەداوان چوو پێشیان لێ بگرێ بەڵام ئاندرێ تۆبزەکەی دەرهێناو گوتی:

- لە پاشا دەو هەموو ئێسکی بشکێنە!

تۆبزەکە کەوتە کارو ئەوەندەی لە پاشادا تا پاشا بەبێ ڕۆح کەوتە ئەو گۆڕەو شەڕ کۆتایی هات.

خەڵك دەستە دەستە لە شار هاتنە دەرەوەو داوایان لە ئاندرێ کرد ببێ بە پاشای وڵاتەکەیان. ئاندرێ ڕازی بوو و بوو بە پاشای ئەو وڵاتەو لەگەڵ ماریا چەند ساڵ بە دادپەروەری و یەکسانی حوکمی ئەو وڵاتەی کرد.

* * *

وەرگێڕ

عەزیز گەردی

بەحرکە ٦/٧/ ٢٠١٢



Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner